ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی سوالکردن بە منداڵان لە چوارچێوەی یاساکانی هەرێمی کوردستان-عێراق

م.ی.کامۆ خدر حسن[1]
بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و خوێندنی ئیسلامی، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

kamo.khdir@uor.edu.krd

نووسەری پەیوەندیکار: م.ی.کامۆ خدر حسن

پوختە:

دیاردەی بەکارهێنانی منداڵان بۆ سوالکردن، یەکێکە لە مەترسیدارترین ئەو پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر بە مافەکانی منداڵ لە هەرێمی کوردستان-عێراق ئەنجام دەدرێت. ئەم دیاردەیە، کە ڕەگێکی مێژوویی هەیە و وەک ڕەفتارێکی نامرۆڤانە سەیر دەکرێت، بووەتە هۆی بێبەشکردنی منداڵ لە مافی خوێندن و ژیانێکی شایستە و گۆڕینی بۆ ئامرازێکی پەیداکردنی داهات. لەم سالانەی دواییدا، سوالکردن لە حاڵەتەوە بووەتە دیاردەیەکی ڕۆژانە کە تێیدا منداڵان دەکرێنە قوربانی تەماحە دارایەکان. بەو پێیەی منداڵ بە کۆڵەکەی سەرەکی بنیاتنانی کۆمەڵگە دادەنرێت، بۆیە یاسادانەرانی عێراق و هەرێمی کوردستان گرنگییەکی تایبەتیان بە پاراستنی مافەکانی منداڵان داوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵ دەدات شیکردنەوە بۆ مامەڵەی یاسادانەری هەرێمی کوردستان لەگەڵ تاوانی سوالکردن بە منداڵان بکات، بەتایبەتی لە سایەی فرەیی سەرچاوە یاساییەکان. ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی سوالکردن بە منداڵان لە چوارچێوەی یاساکانی هەرێمی کوردستان-عێراق. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە پەیڕەوی میتۆدی شیکاری دەکات.

لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت کە ژمارەیەک دەقی یاسایی پەیوەست بە ژیان و مافەکانی منداڵەوە هەیە وەکو: (دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای باری کەسی، یاسای چاودێری نەوجەوانان، یاسای کار، یاسای سزادان، یاسای ڕەگەزنامە، و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان) کە بە ڕوونی ئەرکی حکومەتی دیاری کردووە لە پاراستنی دایکایەتی و منداڵیدا، هەروەها جەختی کردووەتەوە لەسەر مافی پەروەردە و فێرکردن و قەدەغەکردنی هەموو جۆرە تۆندوتیژییەک و بەکارهێنانێکی ئابووری (الإستغلال الإقتصادي) لە خێزان و کۆمەڵگە بەرامبەر منداڵ، هەروەها یاسا بەرکارەکان ڕێگە بە دایک و باوکان نادات منداڵەکانیان کاری سوالکردن بکەن و بەمەش مافەکانی منداڵ پارێزراو دەبێت و خێزانەکانیان بەرپرسیارێتی یاساییان دەکەوێتەسەر و بە تاوانبار هەژمار دەکرێن. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا چەندین ڕاسپاردە بۆ لایەنی پەیوەندیدار دەخرێنەڕوو بە مەبەستی سوودوەرگرتن.

وشە کلیلییەکان: سوالکردن، مافی منداڵ، تاوان، یاساکان، هەرێمی کوردستان .

پێشەکی توێژینەوە:

منداڵان بەردی بناغەی هەر کۆمەڵگەیەکی تەندروست و گەشەسەندوو پێکدەهێنن؛ پاراستنی شکۆ و مافە بنەڕەتییەکانیان نەک تەنها ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆییە، بەڵکو پێوەرێکی سەرەکییە بۆ شارستانیبوونی دەوڵەت و سەروەریی یاسا. لە نێو ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی ئەم چینە ناسکەی کۆمەڵگە دەبنەوە، دیاردەی "سوالێپێکردن بە منداڵان" (Child Begging) وەک یەکێک لە قێزەونترین جۆرەکانی چەوسانەوەی مرۆیی دەردەکەوێت. ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، بەهۆی ئەو وەرچەرخانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە خێرایانەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە ڕوویانداوە، ڕەهەندی مەترسیداری گرتووەتە خۆ و لە حاڵەتێکی تاکەکەسییەوە گۆڕاوە بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و زۆرجاریش بۆ جۆرێک لە "تاوانی ڕێکخراو".

کەسانی بێویژدان بۆ دەستکەوتنی پارە، لە شەقام و شوێنە گشتییەکان، بە چەندین شێوازی جیاواز سوالّ بە منداڵان دەکەن و بێبەشیان دەکەن لە ژیانی منداڵی خۆیان، کە ئەمەش چەندین کاریگەریی خراپ لەسەر ئەو منداڵانە بەجێدەهێڵێت. کۆرپە و منداڵی ساوا ناسک و بێتاوانانە، لەسەر شۆستەی شەقامەکانی شارەکان درێژیان دەکەن. بە ئەنقەستیش برسییان دەکەن، تا بگرین و بکرۆزێنەوە و بنووزێنەوە و خەڵکی بەزەیی پێیانبێتەوە. زۆربەیان منداڵی خۆیان نین، بەڵکو بەرامبەر بە بڕە پارەیەکی ڕۆژانەی کەم لە خێزانە هەژار و نەبوونەکان بە کرێیان گرتوون. ئەم منداڵانە تووشی نەخۆشی جەستەیی و دەروونی بوونە و دەبن. ڕۆژانە لە ترافیک و چواریانەکان و شەقامە گشتییەکانی پارێزگا و شارەکانی هەرێمی کوردستان، دیمەنی منداڵانی جلوبەرگ شڕ و ڕووخسار خەمناک دەبینرێت کە بە دەستەواژەی ئایینی و سۆزداری وەک "خودا منداڵەکانتان بپارێزێت" یان بە بیانوی پاک کردنەوەی جامی ئۆتۆمۆبێل و فرۆشتنی بنیشت و کلکنس" داوای هاوکاری دەکەن. ئەم دیمەنانە تەنها نیشانەی هەژاری نین، بەڵکو پەردە لەسەر کێشەیەکی قوولتر لادەدەن؛ بەشێک لەم منداڵانە قوربانی فشاری خێزانی و بێدەرەتانین، بەڵام مەترسییە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12636]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

گەورەکە لەوێدایە کە هەندێکی تریان دەبنە قوربانی باندەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و چەوسانەوەی ئابووری.

لە ڕووی دەستوورییەوە، دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە چەندین ماددەدا وەک (ماددەی ٢٢، ٢٩، ٣٠) جەختی لەسەر پاراستنی خێزان و منداڵ و دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ژیانێکی شایستە کردووەتەوە.

لە ڕووی یاساییەوە، یاسادانەری عێراق لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) هەموارکراو، لە ماددەکانی (٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٢)دا سواڵکردنی وەک تاوان ناساندووە و سزای بۆ دیاری کردووە، چ بۆ کەسانی پێگەیشتوو و چ بۆ ئەو نەوجەوانانەی کە ڕەوانەی خانەی چاکسازی دەکرێن. هەروەها لە یاسای کار ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠١٥)ی عێراق لە ماددەکانی (٢٠،٢١) تەمەنی کارکردنی دیاری کردوە، هەروەها لە هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) (یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی) هەنگاوێکی گرنگی نا، کاتێک لە ماددەی (٢/ نۆیەم)دا ناچارکردنی منداڵ بە سواڵکردن و بێبەشکردنی لە خوێندن وەک جۆرێک لە تووندوتیژی خێزانی ناساند.

لە ڕووی هۆشیاریەوە، چەند ڕێکخراوێک هەن تایبەت بە منداڵان کە کاردەکەن لەسەر هۆشیارکردنەوەی خێزان و کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە و بەردەوام لە پەیوەندی دان لەگەڵ لایەنە پەیوەندی دارەکان بەڵام هێشتا نەتوانراوە دیاردەکە کۆنترۆڵ بکرێت.

گرنگیی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەبێتەوە:

1. لایەنی مرۆیی و مافی منداڵ: تیشک خستنە سەر مەترسیدارترین جۆری چەوسانەوەی منداڵ کە بریتییە لە "سواڵێکردن"، کە نەک تەنها مافی خوێندن و ژیانێکی شایستە، بەڵکو شکۆی مرۆیی منداڵیش پێشێل دەکات.
2. لایەنی یاسایی و فرەیی سەرچاوەکان: گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵ دەدات لە سایەی فرەیی دەقە یاساییەکان (دەستوور، یاسای سزادان، یاسای تووندوتیژی خێزانی، یاسای چاودێری نەوجەوانان و هتد)، شیکردنەوە بۆ توانای یاسادانەری هەرێمی کوردستان بکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تاوانە.
3. پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی: ئەم توێژینەوەیە وەک هەوڵێکە بۆ پاراستنی "کۆڵەکەی سەرەکی بنیاتنانی کۆمەڵگە" کە منداڵە، لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەو کەلێنە یاسایی و کارگێڕییانەی کە ڕێگرن لە بنبڕکردنی دیاردەکە.

کێشەی توێژینەوە:

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە سەرەڕای هەبوونی چەندین دەقی یاسایی لە یاسای سزادانی عێراقی و یاساکانی هەرێمی کوردستان بۆ قەدەغەکردنی سواڵکردن، بەڵام ئەم دیاردەیە نەک هەر کەم نەبووەتەوە، بەڵکو گۆڕاوە بۆ تاوانێکی مەترسیداری "سواڵێکردن بە منداڵان" کێشەکە لێرەدا تەنها هەژاری نییە، بەڵکو دەرکەوتنی بانده ڕێکخراوەکان و بەکارهێنانی منداڵە وەک "ئامرازێکی بازرگانی" کە شکۆی مرۆیی و مافە بنەڕەتییەکانی منداڵ پێشێل دەکات.

لە ڕووی یاساییەوە، کێشەیەکی جەوهەری لە "کۆنبوونی هەندێک دەقی یاسای سزایی" و "سوکی سزاکان"دا هەیە، کە ناتوانن ڕێگرییەکی توند لەو کەسانە بکەن کە منداڵ بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنن. هەروەها، تێپەڕبوونی تاوانی سواڵێکردن لە چوارچێوەی "سەرپێچی" بۆ ناو کایەی "بازرگانیکردن بە مرۆڤ"، بووەتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە لێڵبوونی یاسایی لە کاتی جێبەجێکردنی سزاکاندا. لە لایەکی ترەوە، نەبوونی هەماهەنگییەکی تۆکمە لە نێوان دەزگا جێبەجێکارەکان و نەبوونی شوێنی داڵدەدانی شیاو بۆ ئەو منداڵانە، وایکردووە کە زۆرجار ڕێکارە یاساییەکان تەنها وەک "چارەسەری کاتی" بمێننەوە و نەگەنە ئاستی بنبڕکردنی ڕەگ و ڕیشەی تاوانەکە. کەواتە، کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئەو کەلێنە یاسایی و کارگێڕییانەی کە وایانکردووە تاوانی سواڵێکردن بە منداڵان لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت و پەرە بسێنێت.

ئامانجی توێژینەوە:

توێژینەوەکە بەدوای بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوەدا دەگەڕێت:

هەڵسەنگاندنی ئاستی سەرکەوتنی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە سنووردارکردنی تاوانی سواڵێکردن بە منداڵان و بەرپرسیارێتی یاسایی خێزان (دایک و باوک) و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرامبەر بە پاراستنی منداڵ لە چەوسانەوەی ئابووری، سنووری نێوان سواڵکردنی سادە و گۆڕانی بۆ تاوانی "بازرگانیکردن بە مرۆڤ" لە چوارچێوەی "تاوانی ڕێکخراو"دا و گەیشتن بە کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیاری زانستی بۆ یاسادانەر و لایەنە جێبەجێکارەکان بە مەبەستی پڕکردنەوەی کەلێنە یاساییەکان و کاراکردنی ڕێکارە سزاییەکان.

پرسیارەکانی توێژینەوە:

پرسیاری توێژنەوەکە لە پرسیاری سەرەکی و لاوەکی پێک دێت:

پرسیاری سەرەکی توێژینەوە :

سیستمی یاسایی و سزایی و کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان-عێراق تا چەند توانای ڕووبەڕووبوونەوە و بنبڕکردنی تاوانی سواڵێکردن بە منداڵانی هەیە، و ئەو کەلێنە یاسایی و کۆسپە جێبەجێکارییانە چین کە ڕێگرن لە کاراکردنی پاراستنی یاسایی بۆ منداڵان؟

پرسیارە لاوەکییەکان :بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکە، تۆێژینەوەکە پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارە لاوەکیانەی خوارەوە بداتەوە:

١- لە ڕووی دەقی یاساییەوە: ئایا پێناسەی "سوالْکردن بە منداڵ" لە یاسای سزادانی عێراقی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی خێزانی هەرێمی کوردستان-عێراق دا، لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافی منداڵ و ڕێککەوتنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگونجێت؟

٢- لە ڕووی جۆری تاوانەوە: کەی و لەژێر چ بارودۆخێکدا تاوانی سوالْپێکردن بە منداڵ لە "سەرپێچییەکی سادە"وە دەگۆڕێت بۆ تاوانی "بازرگانیکردن بە مرۆڤ" لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا؟

٣- لە ڕووی سزاوە: ئایا ئەو سزایانەی بۆ سەرپەرشتیارانی منداڵ (دایک و باوک) یان باندە ڕێکخراوەکان دانراون، لە ئاستی مەترسیی تاوانەکەدان و دەتوانن ڕێگریی گشتی دروست بکەن؟

٤- لە ڕووی پاراستنەوە: ئەرکە یاساییەکانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان (کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ناوخۆ) و (داواکاری گشتی) لە پاراستنی ئەو منداڵانەی دەبنە قوربانیی سوالْکردن چییە، و تا چەند جێبەجێ دەکرێن؟

٥- لە ڕووی پراکتیکییەوە: ئاستەنگە مەیدانییەکانی بەردەم دەسەڵاتی دادوەری و پۆلیس لە جێبەجێکردنی یاساکان چین؟

میتۆدی تۆێژینەوە:

بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تۆێژینەوەکە، ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیڕەوی "میتۆدی شیکاری" دەکات. ئەمەش لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان لە ماددە دەستوورییەکان و یاسای سزادانی عێراقی و یاساکانی هەرێمی کوردستان و بەراوردکردنی دەقە یاساییەکان لەگەڵ واقیعی مەیدانی و ئەو ئاستەنگانەی کە لە کاتی جێبەجێکردندا ڕووبەڕووی دامودەزگاکانی پۆلیس و دادوەری دەبنەوە.

پێکهاتەی تۆێژینەوە:

ئەم تۆێژینەوە پێکدێت لە پێشەکی و میتۆد و چوار باسی سەرەکی و ئەنجام و ڕاسپاردەکان و لیستی سەرچاوەکان.

لە باسی یەکەمدا، چوارچێوەی چەمکەکان و جۆرەکانی تاوانی سوالْکردن بە منداڵان باس دەکرێت و ناساندیان بۆ دەکەین. لە باسی دووەمدا، باس بنەما دەستووریی و یاسایی و ئایینی و دامەزراوە و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بۆ پاراستنی منداڵ دەکرێت و ئەرکەکانیان دەخەینە ڕوو. لە باسی سێیەمدا باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی سزایی تاوانی سوالْکردن بە منداڵان و تەمەنی یاسایی جیاواز لە نێوان یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا دەکرێت، کە جۆن هەر یاسایەک جۆرێک لە تەمەنی دیاری کردوە کە لەگەڵ یاساکانی تر و مافەکانی مرۆڤدا یەک ناگرێتەوە، پاشان لە باسی چوارەمدا کەمو کورتی و بۆشایی یاسای لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا ، گفتوگۆی لەبارەیەوە دەکرێت، لە کۆتایشدا ئەنجام و ڕاسپاردەکان دەخینەڕوو.

باسی یەکەم: چوارچێوەی چەمکەکان و جۆرەکانی تاوانی سوالْکردن بە منداڵان

تەوەری یەکەم:چەمکەکان

لقی یەکەم: چەمکی سوالْکردن

دیاردەی سوالْکردن یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییە مەترسیدارەکان، سەرەڕای سروشت و شێوازەکانی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، بوونی سوالْکەرەکان لادانێکە لە سیستمی گشتی کۆمەڵگە، فاکتەرەکانی بێکاری و بێبەشی و نایەکسانی چینایەتی ڕۆڵیان لە زۆرکردنی ژمارەی سوالْکەرەکان هەیە و ئەم تاوانە بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاودەکەنەوە،(علام، ٢٠٠٢: ٤٠) وەک ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت، کە زۆربەی کۆمەڵگاکان بەدەست ئەم تاوانەوە دەناڵێنن، بەتایبەتی سوالْکردن بە منداڵان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری جۆراوجۆر، لەوانەش هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی. بەپێی سروشتی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئەم تاوانەی تێدا بڵاودەبێتەوە جیاوازن، هەروەها ئەو تاوانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە جیاوازە، وەک بۆمان دەردەکەوێت کە تاوانی سوالْکردن ڕەنگە ڕاستەوخۆ ڕووبدات، جا سوالْکەرەکان پیاو بن یان منداڵ، یان هەندێجار سوالْکردن لە ژێر پەردەی فرۆشتنی کاڵای سادە و وردەکاڵادایە وەک (سڕینەوەی جامی ئۆتومبێل، فرۆشتنی بنیشت، فرۆشتنی کلینکس)، یاخود لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی منداڵان لە بەردەم چواریانەکاندا، و وروژاندنی سۆزی خەڵک.(الفخري، ٢٠١٤: ٢٥). سوالْکردن یەکێکە لە ئاڵۆزترین کێشەکان کە وڵاتان و عێراق و هەرێمی کوردستان ماوەیەکی زۆرە بەدەستییەوە دەناڵێنێت. وەک بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی سوالْکەرەکان دەچنە ناو گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون، هەروەها دەچنە ناو ماڵی خێزانەکان و تێکەڵ بە منداڵان دەبن، ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ ئەوان تاکو تاوانی دزیکردن یان فێری بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ببن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ئەو دەقە یاساییانە کە مامەڵە لەگەڵ سوالْکەرەکاندا دەکەن بۆ ڕێگریکردن لە سوالْکردنیان دەبینین کاریگەر نین. ئەگەرچی سوالْکردن تەنها دیاردەیەکی تاوانکاری نییە، بەڵکو بەرهەمی هەلومەرجی خراپی کۆمەڵایەتی و ئابووریشە، کە ئەمەش وا دەکات تەنها مامەڵەی تۆمەتبار لەگەڵ سوالْکەر نەکات، چونکە سوالْکەر زۆربەی جار بووەتە قوربانی ئەم ئەو بارودۆخەی لە وڵات هەیە،(حسین، ٢٠٢٣: ٥٦) بۆیە زۆربەی یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان سزای تەرخانکردووە و سەپاندوویە بەسەر سوالْکەر لە کاتی ئەنجامدانی ئەو ڕەفتاری سوالْکردنەکە، جا چ سوالْکردنەکەی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12636]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

وەک پیشەیەک یان وەک کارێک بۆ خۆ بژێوی کردبێت. (محمود، ۲۰۲۳: ١٤-١٧).

لقی دووەم: چەمکی منداڵ

کۆمەڵەی گشتیی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە بڕیاری ژمارە (٢٥/٤٤)، لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/١١/٢٠ دەرچووە لە ڕێککەوتنامەی مافەکانی منداڵان لە ماددەی (١)دا منداڵی بەم جۆرە ناساندوە، منداڵ ئەو مرۆڤەیە کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ تێنەپەڕێبێت، مەگەر یاسای وڵاتەکەی تەمەنێکی دیکەی بۆ دیاری کردبێت)ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ، بێ ساڵ، ڕێککەوتنامەی مافەکانی منداڵ، ماددە ١). چەمکی منداڵ بەو قۆناغەی تەمەن دەگووترێت کە لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات، تاکو دەگات بە خۆناسین، واتە منداڵی ماوەی نێوان لەدایکبوون و خۆناسینە یان پێگەیشتنە (عصمت، ٢٠٠٠: ص٥). لە عێراق و هەرێمی کورستان پاڵپشت بە یاسا بەرکارەکان تەمەنی یاسایی بۆ زۆریک لە بوارەکان دیاری کردوە بە تایبەت بۆ مەبەستەکانی (دامەزراندن و مۆڵەتی شوفێری و دەنگدان.... هتد) کە تەمەنی یاسایی بریتییە لە (١٨) ساڵ، بەڵام لە یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هە موارکراو هاوسەرگیری بە تەمەنی بالغبوون هاتووە کە ئەمەش بیر و بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، لە یاسای کار ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠١٥)ی عێراق لە ماددەی (٢١)دا هاتووە "منداڵ: هەر کەسێک کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبێتە پانزە ساڵ". (جریدة الوقائع العراقية، ٢٠١٥: ٤). لە ماددەی (١/دووەم/٤/٢/١) یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢٢) یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق بەم جۆرە منداڵ و نەوجەوان و هەرزەکاری ناساندوە کە "منداڵ: ئەوەی تەمەنی (١١) یازدە ساڵی تەواونەکردبێت" و "نەوجەوان: ئەوەی تەمەنی (١١) یازدە ساڵی تەواوکردبێت و (١٨) هەژدە ساڵی تەواونەکردبێت"و "هەرزەکار: ئەوەی تەمەنی (١٥) پازدە ساڵی تەواوکردبێت و (١٨) هەژدە ساڵی تەواونەکردبێت".(٢٠٢٢: ١)

تەوەری دووەم: جۆرەکانی تاوانی سوآلکردن بە منداڵان

بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام و یاسا بەرکارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان سوآلکردن بە منداڵ ڕێگەپێدراو نیە بە تایبەتی ماددەی (٣٩٢)ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) باسی ئەو منداڵانە دەکات لەلایەن کەسانێک، یاخود کەسوکارێکەوە سوآلیان پێدەکرێت و سزای بۆ دیاری کردون، سوآلکەرە پیشەییەکان دڵپاکی و ساوێلکەیی و نەزانی منداڵانیان قۆستوونەتەوە و بۆ پارە پەیداکردن دەیان چەوسێننەوە و بازرگانییان پێوە دەکەن.. ئەم منداڵانانە دڵپاک و بێتاوانن، هێشتا باش و خراپ، ڕاست و هەڵە لێک جیا ناکەنەوە، چەندین تۆڕ و گرووپی مافیای بێوژدان و بێڕەوشت هەن، کە بازرگانی بە منداڵانەوە دەکەن، بە بڕە پارەیەکی کەم سوآلیان پێدەکەن، یا بۆ دزی و کاری ناڕەوا و نەشیاو بە کاریان دەهێنن.. لەوانەیە حاڵەت هەبێت کە دەستدرێژیش بکەنە سەریان، ئەو منداڵە ناسک و هەناسەسارد و بەدبەخت و بێنازانە، کە لە تەمەنی چرۆ و خونچەدان.. لە مافی خوێندن و فێربوون، لە خۆشی و شادی، لە یاری و خەندە و پێکەنین، لە سۆز و خۆشەویستی، لە خۆشیەکانی منداڵییەتی بێبەشن.. وەکو منداڵێکی ئاسایی ناژین و، بە دروستی گۆش و پەروەردە ناکرێن.. فێری فڕوفێڵ و درۆ و کاری ناپەسەندیان دەکەن.(شوان: ٢٠١٧).

پەرلەمانی کوردستان-عێراق، بە یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٨، یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤی ساڵی ٢٠١٢ی عێراقی بەرکار کردووە، لە یاساکەدا بەو جۆرە پێناسەی تاوانەکەی کردووە: مەبەست لە بازرگانیکردن بە مرۆڤ: ڕاکێشانی کۆمەڵێک کەس یان گواستنەوەیان یان حەواندنەوەیان یان پێشوازیکردنیان بەهۆی هەڕەشەکردنی بەهێز یان بەکارهێنانی هێز یان جۆرەکانی تر وەک، شێوەکانی بە زۆر یان ڕفاندن یان بەلاڕێدابردن یان فێڵکردن یان بەکارهێنانی دەسەڵات یان پێدان یان وەرگرتنی بڕێکی پارە یان دیاری بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی کەسێک کە دەسەڵاتی هەیە، یان سەروەسیەت (ولاية) لەسەر کەسێکی تر، بە مەبەستی فرۆشتنیان یان بەکارهێنانیان (الاستغلال) لە کارەکانی بەدڕەوشتی یان سێکسی یان سوخرە یان کاری بەزۆر یان بەکۆیلەکردن یان سوآلکردن یان بازرگانیکردن بە ئەندامانی لەشیان یان بۆ مەبەستی خستنەژێر تاقیکردنەوەی پزیشکی.".(جریدة الوقائع العراقية،٢٠١٢: ١)

دیاردەی سوآلکردنی منداڵان لە هەرێمی کوردستان بووەتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز کە چەندین شێوازی جیاواز لەخۆ دەگرێت. ئەم تاوانانە لە سوآلکردنی ڕاستەوخۆ لە بازاڕ و چوارینەکان دەست پێ دەکات، تا دەگاتە سوآلکردنی شاراوە کە تێیدا منداڵان لەژێر پەردەی "فرۆشتنی" کلینس، بنێشت، یان کێشان بە تەرازوو، سۆزی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. هەروەها شێوازێکی تری باو، سڕینی جامی ئۆتومبێلە بە زۆر، کە تەنیا بیانوویەکە بۆ وەرگرتنی بڕە پارەیەک لە شۆفێرەکان.

لەلایەکی تریشەوە، لایەنە مەترسیدارەکانی ئەم دیاردەیە لە بەکارهێنانی منداڵی ساوا و بێهۆشکردنیان بە دەرمان، و سوآلکردنی ڕێکخراو (مافیایی) دەردەکەوێت، کە تێیدا باندەکان یان خێزانەکان منداڵان ناچار دەکەن ڕۆژانە بڕە پارەیەکی دیاریکراو کۆبکەنەوە. لە هەمووشی دڵتەزێنتر، قۆستنەوەی کەمئەندامی و نەخۆشییە، چ بە ڕاستی بێت یان بە دروستکردنی بڕینی ساختە، بۆ ئەوەی زۆرترین بڕی پارە لە ڕێگەی نیشاندانی ئازاری منداڵەکەوە کۆبکرێتەوە. ئەم شێوازانە نەک هەر منداڵیی ئەو کەسانە لەناو دەبەن، بەڵکو مەترسییەکی گەورەشن بۆ سەر داهاتووی کۆمەڵگە و ئاسایشی شارەکان.

ئێستا سوآلکردن بەشێوەی ئەلیکترۆنیش بوونی هەیە بە بەکارهێنانی دیمەنی داماوی و هەژارانەی منداڵیان نەخۆش یان ژن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و کۆکردنەوەی پاڵپشتی دارایی لە ڕێگەیانەوە، لە سەرجەم بارەکاندا دەرئەنجامی ترسناک بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە هۆکاری سەرەکییە بۆ بڵاوبوونەوە و

تەشەنەکردنی بازرگانی بە مرۆڤ هەروەها هۆکارە بۆ زیادبوونی بێکاری و تەمەڵی، چونکە دواجار سوڵکردن ناچێتە ژێر پێناسەی کارەوە.(سەمین:٢٠٢٣) ئەم جۆرە ڕەفتارانە تەنها هەڵە نین، بەڵکو تاوانێکی زەق و پێشێلکارییەکی مەترسیداری مافە بنەڕەتییەکانی مندالانن. بێدەنگبوون لە ئاستیان ڕێگە خۆشکردنە بۆ تێکدانی دواڕۆژی نەوەکان و لەناوبردنی بێتاوانییان. ئەرکی مرۆیی و یاسایی هەمووانە کە وەک قەڵغانێک بەرگری لە کەرامەت و سەلامەتی مندال بکەن. هەر جۆرە تووندوتیژی و پشتگوێخستنێک، بڕینێکی قوڵە لە جەستەی کۆمەڵگە کە پێویستی بە سزای توند و ڕێگری خێرا هەیە. پاراستنی مندال هێڵێکی سوورە و نابێت لە ژێر هیچ ناو و پاساوێکدا سازشی لەسەر بکرێت.

باسی دووەم: بنەما دەستوورییە و یاسایی و ئایینی و دامەزراوە و ڕێکخراوەییەکان بۆ پاراستنی مندال

تەوەری یەکەم: بنەما دەستووری و یاسایی و ئایینیەکان

لقی یەکەم:بنەمای دەستوورییە بۆ پاراستنی مندال

لەبەر ئەوەی مندالان بەبنەمای بنیاتنانی کۆمەڵگە دادەنرێت و بۆ دەستەبەری مافەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی (٢٠٠٥) گرنگی داوە بەمندالان و فەراهەم کردنی مافەکانیان، کە لە چەند بڕگەیەکی دەستووردا باسی لێوەکراوە (لە ماددەکانی ٢٩ و ٣٠) دا، دەوڵەت دەستەبەری پاراستنی دایکایەتی و مندال دەکات و منداڵەکان مافیان هەیە لەسەر دایك و باوکیان لە پەروەردەکردن و چاودێری و فێرکردن و بەدەستهێنانی ئابووری مندالان بە تەواوی و دەوڵەت ڕێکارە دەستەبەریەکان دەگرێتە بەر بۆ پاراستنی و هەموو جۆرەکانی تووندوتیژی و ستەمکردن قەدەغە دەکات لە خێزان و قوتابخانەو کۆمەڵگە و دەوڵەت دەستەبەری ژیانێکی باش دەستەبەر دەکات بۆ تاك و خێزان و بە تایبەتی مندال، هەر وەک لە ماددەی (٢٩/یەکەم-سێیەم)ی دەستووردا هاتووە (بەهیچ شێوەیەك نابێت مندالان چەوساندنەوەی ئابووری (الاستغلال الاقتصادي) بکرێن و دەوڵەتیش ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر بۆ پاراستنیان). (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق: بێ ساڵ).

لقی دووەم:بنەمای یاسایی بۆ پاراستنی مندال

بۆ پاراستنی مندال چەندین یاسا هەیە کە مافی مندالی پاراستووە و مندال خاوەن کۆمەڵێک مافی بنەڕەتییە کە لە یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە. کە ئەمانەش بریتین لە یاساکانی ئاماژەپێکراو لە خوارەوە:[1]

1. یاسادانەری عێراقی لە ماددەکانی (٣٩٠، ٣٩٢) لە یاسای سزادانی عێراق ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩هەموارکراو، سزای جۆراوجۆری بۆ تاوانی سوڵکردن و سوڵکردن بە مندال دیاریکردووە.

2.یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ و هەموارەکەی لە هەرێمی کوردستان بە (یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨)، جەخت لە مافە سەرەتاییەکانی وەک (ناو، ڕەچەڵەک، بژێوی، دایەنی و چاودێری) دەکەنەوە. ئامانج لەم دەقانە، ڕەخساندنی ژینگەیەکی تەندروستە بۆ پەروەردەکردنی تاکێکی بەهێز.

3. یاسای بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق (ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١)، پاراستنێکی تایبەتی بۆ مندال دابین کردووە و تووندوتیژی لەلایەن خزمانی تا پلە چوارەم قەدەغە کردووە.

4.بەپێی یاسای چاودێری ناکامەکان (قاصرین) ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠، دەوڵەت لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتەوە چاودێری سامانی مندال دەکات و سەرپەرشتی کارەکانی (وەسی و قیم) دەکات. ئەمەش بۆ دڵنیابوونەوەیە لە گەشەپێدانی دارایی و پاراستنی مافە نیشتەجێبوون و خوێندنەکانیان.

5.یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣، ڕێکارە سزاییەکانی بۆ مندال گۆڕیوە بۆ "ڕێکاری چارەسەری". دادگاییکردنی نەوجەوانان بە نهێنی و بە ئامادەبوونی سەرپەرشتیار دەبێت. هەروەها یاسای سزا و یاسای بازرگانیکردن بە مرۆڤ، سزای تووندیان بۆ هەر دەستدرێژییەکی سێکسی یان جەستەیی دژ بە مندال دیاری کردووە. دەوڵەت پابەند کراوە بە دابینکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێسەرپەرشت و دابینکردنی مافی خوێندنی زۆرەملێ.

6.یاسای کار ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠١٥، پارێزبەندی بۆ مندال لە دژی کارپێکردنی نایاسایی دروست کردووە.

لقی سێیەم: بنەما ئایینی بۆ پاراستنی مندال

ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، حوکمی دیاردەی سوڵکردن و ئەو کەسانەشی هاوکاریی سوڵکەران دەکەن بڵاوکردۆتەوە و ئاماژە دەدات کە سوڵکردن حەرامە. هەر لە ناوەڕۆکی فەتواکەدا دەڵێت، بە تایبەت منداڵان بەهیچ شێوەیەك نابێت هاوکاری بکرێن، بەڵکو

[1]لە کۆتایدا سەرجەم یاساکانی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا وەک سەرچاوە دەنوسرێن.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12636]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

پێویستە ئامۆژگاری بکرێن، چونکە هاوکاریکردنیان دەبێتە مایەی هاندانیان لەسەر ئەو کارە بەدە و داواکارن کە حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان ڕێکاری پێویست بگرنە بەر بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردە ناشەرعی و ناشیرینە کە نامۆیە بەشکۆو ڕەوشتی بەرزی کوردەواری.(یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان:٢٠٢٥)

تەوەری دووەم: : پاراستنی منداڵان لە دامەزراوەی حکومی و ڕێکخراوە ناحکومیە ناوخۆییەکان

لقی یەکەم: دامەزراوەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ساڵانە بە ڕاپۆرتەکانی لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ بارودۆخی منداڵان ڕوون دەکاتەوە و چاودێریان دەکات بە مەبەستی پاراستنی منداڵان و باشتر بوونی دۆخی منداڵان و بەرچاوروونی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی (٢٠١٦)ی دەستەی ناوبراو خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ وبەکارهێنانی بە شێوەیەکی نادروست ڕۆژ بەڕۆژ بڵاوترەبێتەوە، لەکاتێکدا دەبێت باشترین بەرژەوەندییەکانی منداڵ لە سەروی هەموو بیرکردنەوەیەک بێت لە هەر بارودۆخێکدا. دەستەی ناوبراو بەردەوامە لەهەوڵەکانی بۆپاراستنی منداڵان وچاودێریکردنی دۆخەکەیان لەم چوارچێوەشدا چارەسەری یاسایی بە باشترین چارەسەر زانیوە بۆپاراستنی منداڵان لە تووندوتیژی، لەو پێناوەشدا بەردەوامە لە دروست کردنی فشار بۆدەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە مافەکانی منداڵ، ئەوەی تایبەت بێت بە چاودێری کردنیش دەستە لە ڕێگای تیمەکانیەوە بەردەوامە لە چاودێریکردنی دۆخی ئەو منداڵانەی کە لەسەر شەقامەکاندا کاریان پێ دەکرێت کە بەشێکیان کەم ئەندامن و لەلایەن کەسوکاریانەوە بۆ سوالکردن بەکاردەهێنرێن. (٢٠١٦: ٥٩) بەپێی ڕاپۆرتی دەستەکە بۆ ساڵی (٢٠٢٤) دیاردەی سوالکردن بە منداڵان لە هەرێمی کوردستان لە زیاد بووندا بوە بە پێی بەدواداچوونی تیمەکانی دەستە ژمارەیەکی زۆری منداڵان لە هەردوو ڕەگەز (بە تایبەتی کچان) لەسەر شەقامەکان و ترافیک لایتەکان و کۆڵانەکان بەرچاو دەکەون بۆ سوالکردن و دەرۆزەکردن، بە پێی زانیاریەکانیان هەندێک لەو منداڵە نەخۆشانە بە کرێ لە لایەن باندەکانەوە لە خێزانەکانیان وەردەگیرێن بۆ ئەو مەبەستە نامرۆڤانەیە. تا ئێستا هیچ دامودەزگایەکی پەیوەندیدار ئامارێکی وردی سەبارەت بە ژمارەی ئەو منداڵانەیان لەبەردەست نیە کە سوالیان پێدەکرێت. گەورەترین کێشەش کە ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بۆتەوە ئەوەیە کە ئەوانەی سوالدەکەن زۆربەیان تۆماریان نییە، خاوەنی بەڵگەنامەیەکی وەک (ناسنامە، کارتی نیشتیمانی) نین، ناتوانرێت دۆسیەیان بۆ بکرێتەوە و ڕەوانەی دادگا بکرێن. بە گشتی ئەم دیاردەیە لە زیادبوونداید و کە زۆربەیان منداڵی ئاوارەی عەرەب و پارێزگاکانی ناوەڕاستی عێراق یان ئاوارەی سووریە."(٢٠٢٤: ٥٠-٥١)

لقی دووەم: دامەزراوەی وەزارەتی ناوخۆ و کار و باری کۆمەڵایەتی

دامەزراوەکانی حکومەت و ئەنجومەنی پاراستنی منداڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان زنجیرەیەک بڕیاری کارگێڕییان دەرکردووە، کە دیارترینیان بڕیارەکان بریتی بوون لە مانە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/١٥ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی ڕایگەیاند" ئەمڕۆ ئەنجومەنی پاراستنی منداڵ بە ئامادەبوونی دەزگا پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان و هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکان تری حکومەت کۆبووینەوەو، بڕیارماندا چیتر ڕێگا نادەین بە دیاردەی سوالکردنی منداڵان و بە هەموو شێوەیەک قەدەغەی دەکەین، لە درێژەی قسەکانیدا پارێزگاری سلێمانی ئاماژەی بەوە کرد دیاردەی سوالکردنی منداڵان بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوەو ژیانی منداڵان دەخاتە بەردەم مەترسیەوە.

هەڤاڵ ئەبوبەکر داوای لە میدیاکان و خەڵک کرد کە هاوکاریان بن لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەدا بۆ کۆتایهێنان بەم دیاردەیە.. (ماڵپەری سپی میدیا، ٢٠٢٤)، هەروەها پارێزگای هەولێر لە ڕاگەیێندراوێکدا لە ڕێککەوتی ٢٠٢٤/٧/١٧ دا ئاشکرای کرد، بە فەرمانی ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر، لەسەر داواکاریی هاوڵاتیان، لە ئەمڕۆوە هەموو ئەو منداڵ، سوالکەر و فالگرەوانەی لە پێشانگەکانی ئۆتۆمبێل، ترافیکەکان و ناوچەکانی پیشەسازیی باکوور و باشووری هەولێر کاردەکەن، دەستگیر دەکرێن.(پیرچاوشی، ٢٠٢٤)، هەروەها لە ڕێککەوتی ١١ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٥ی لە کۆبوونەوەیەکی نێوان وەزیری ناوخۆ و بەڕێوەبەری گشتیی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر، بڕیاردرا کارکردن و سوالکردنی منداڵان لە ترافیك و لەسەر شەقامەکان قەدەغە بکرێت، بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر لە کۆبوونەوەکەدا دیاردەی کارکردن و سوالکردنی منداڵانی لەسەر شەقام و لە ترافیکلایتەکان باس کرد و پلانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە خستەڕوو، ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ پاڵپشتی خۆی بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕاگەیاند، بۆ ئەم مەبەستەش پۆلیسی نەجەوانانی ڕاسپارد بۆ هاوکاربوون لە جێبەجێکردنی پلانەکە.(ئاڤا میدیا: ٢٠٢٥)، جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە کارگێڕییانە میکانیزمی چاودێریی توندی بۆ دانراوە؛ لەوانە گەڕانی مەیدانیی ڕۆژانەی تۆڕەرە کۆمەڵایەتییەکان بە شەقامەکاندا و بەکارهێنانی هێڵی گەرمی تایبەتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ وەرگرتنی سکاڵا بەمەبەستی بەدواداچوونی ورد، هەروەها گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بەرامبەر ئەو خێزانانەی کە لەڕووی داراییەوە کێشەیان نییە بەڵام بۆ قازانج کار بە منداڵەکانیان دەکەن، کە دوای ئاگادارکردنەوەیان و لە حاڵەتی بەردەوامبوون و پابەندنەبوونداید بە هەماهەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پۆلیس دایک و باوکی منداڵەکە دەستگیر دەکرێن. سەرەڕای ئەم هەنگاوە کارگێڕییە چرانە کە بۆ ڕێگریکردن لە پێشێلکارییەکان

نراون، چارەسەری یەکجاریی و ریشەیی دیاردەکە پەیوەستە بە بوونی یاسایەکی تایبەتمەندەوە نەک تەنها پشتبەستن بە ڕێنمایی و بڕیاری کاتی، کە ئەمەش لە ئێستادا لە فۆرمی رەشنووسی یاسای پاراستنی منداڵدا بەرجەستە بووە و وەک پرۆژەیەکی هاوبەشی وەزارەتی کار و ڕێکخراوی یونسێف، بە هاوکاری و بەشداری شارەزایانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ئامادە کراوە. ئەم رەشنووسە دەرەنجامی لێکۆڵینەوە و ڤۆرکشۆپی بەردەوامی لیژنەیەکی باڵایە کە لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ بە ئەندامێتی نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران، تەندروستی و پەروەردە پێکهێنراوە. رەشنووسەکە، کە سەرلەنوێ دارشتنەوەی بۆ کراوە و لە ٨٢ مادەدا پێکهاتووە، و دوای پێداچوونەوەی وردی یاسایی، بە نوسراوی فەرمی ژمارە ٢٨٨ لەلایەن وەزارەتی کارەوە ئاراستەی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان کراوە بۆ ئەوەی کاری پێویستی لەسەر بکرێت.(ماڵپەری زەمەن: ٢٠٢١). بەڵام کێشە گەورەکە لێرەدایە کە سەرەڕای تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر بەسەر ئامادەکردنی ئەم پرۆژە گرنگەدا، تا ئێستا نە بۆتە یاسا، ئەمەش بۆشاییەکی یاسایی گەورەی هێشتووەتەوە کە زۆرجار ڕێگرە لەبەردەم جێبەجێکردنی دادپەروەریی و لێپرسینەوەی یاسایی تەواو لە سەرپێچیکاران.

لقی سێیەم: ڕێکخراوە ناحکومیە ناوخۆییەکان

لە هەرێمی کوردستان چەندین ڕێکخراوی ناحکومی هەن کە کار دەکەن لە پێناو مافەکانی منداڵاندا بەڵام بەهۆی فراوانی و ئەرک و ڕۆڵەکەی باس لە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان دەکەین.

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە پێناو قازانجدا کار ناکات، ڕێکخراوێکی سیاسی و حکومی و ئایینی نییە، بە بێ ڕەچاوکردنی نەژاد، ڕەگەز، پابەندییە ئاینی و سیاسییەکان یارمەتی پێشکەش بە منداڵان دەکات. ئامانجی سەرەکیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ مسۆگەرکردنی پاشەڕۆژێکی باشترە لە ڕێگەی چاککردن و دابینکردنی پێداویستی جۆراوجۆری ماددی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، و پەروەردەیی. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٩١ دا لە لایەن بەڕێز "هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد" و ژمارەیەک ستافی خۆبەخشەوە دامەزراوە بۆ خزمەتکردنی منداڵان. ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان کاردەکات لەپێناو دابینکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ منداڵان و گەنجان بەبێ جیاوازی، لە ڕێگەی دابینکردن و داکۆکیکردن و بەهێزکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ پاراستنی ماف و تەندروستی و پەروەردەی هەموو منداڵێک. (ڕاپۆرتی ڕێکخراو، ٢٠٢٣: ٧).

ئەم ڕێکخراوە چەندین ئەرک ئەنجام دەدات لە پێناو پاراستنی منداڵ کە بریتین لە (پاراستنی منداڵ، بەڕێوبردنی کەیس، چاودێری منداڵی ئیشکەر، بەرنامەی پەروەردە، پرۆژەی سەنتەرەکانی ڕۆشنبیرییەکانی منداڵان/ کازیوە، بەرنامەی تەندروستی، هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە و دەرکردنی گۆڤاری منداڵان، ڕاپۆرتی ساڵانە.(ماڵپەری منداڵپارێزی کوردستان: ٢٠٢٦)

بەپێێ ئاماری ساڵی ٢٠٢٢ی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان دەربڕەخەن قەبارەی دیاردەی سوڵکردن بە منداڵ و کارکردن بە منداڵ لەسەر شەقامەکان لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا بەردەوام لە گەشەکردندایە و تەنها لەو ساڵەدا لە پارێزگای دهۆک ٥٦٠ منداڵ، لە هەولێر ٥٠٨ منداڵ، و لە سلێمانی ١٨٠ منداڵ کاریان کردووە، لە کاتێکدا پارێزگای هەڵەبجە هیچ حاڵەتێکی تێدا تۆمار نەکراوە و بە پێێ ئاماری شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ی هەمان ڕێکخراو ئامارەکان بەم جۆرە بوە لە پارێزگای دهۆک ٤١٤ منداڵ، لە هەولێر ٣٩٠ منداڵ، و لە سلێمانی ٤٤٣ منداڵ کاریان کردووە، لە کاتێکدا پارێزگای هەڵەبجە هیچ حاڵەتێکی تێدا تۆمار نەکراوە، ئەو کەسانەی وەکو منداڵی کارکەر تۆمار دەکرێن، تەمەنیان لە دوو بۆ ١٤ ساڵە. لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت سەنتەری پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک منداڵان لە شەقام و ترافیک لایتەکاندا کار دەکەن. ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان پێیوایە، منداڵانی کارکەر لەلایەن خێزانەکانیانەوە بەکاردەهێندرێن. نوعمان عەبدولڕەحمان دەڵێت، لەکاتی دەستنیشانکردنی منداڵانی کارکەردا هۆشداری بە دایک و باوکی منداڵەکان دەدرێت لەسەر مەترسییەکانی کارکردنی منداڵان. (حسێن:٢٠٢٤)

باسی سێیەم: ڕووبەڕووبوونەوەی سزایی تاوانی سوڵکردن بە منداڵان و تەمەنی یاسایی لە نێوان یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا

تەوەرەی یەکەم:لە یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا، مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانی سوڵکردن و سوڵکردن بە منداڵان:

١- یاسای سزادانی عێراق ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو.

لە ماددەکانی (٣٩٠، ٣٩٢)دا سزای جۆراوجۆری بۆ تاوانی سوڵکردن بە منداڵ دیاریکردووە. لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٣٩٠) دا هاتووە (ئەگەر هاتوو بکەری ئەو کارە تەمەنی لە (١٨)ساڵ کەمتر بێت، ئەوا ئەحکامەکانی بەرپرسیاریەتی نەوجەوانانی لەسەر جێبەجێ دەبێت، ئەگەر کەسەکە منداڵ بێت، یاساکە زیاتر وەک "قوربانی" سەیری دەکات و ڕێکاری پەروەردەیی بۆ دەگیرێتە بەر، هەروەها لە ماددەی (٣٩٢)ی یاساکە باسی ئەو منداڵانە دەکات لەلایەن کەسانێک، یاخود کەسوکارانەوە سوڵیان پێدەکرێت و لە ماددەکەدا هاتووە (بە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12636]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

گرتن سزا دەدرێت لە (٣) مانگ زیاتر نەبێت و بە پێبژاردن لە (٤٥)هەزار دینار زیاتر نەبێت، یاخود سزا دەدرێت بە یەکێک لەو دوو سزایە، هەر کەسێک هانی منداڵێک بدات، یاخود کاری دەرۆزەی پێ بکات. سزای کەسەکە زیاد دەبێت بۆ بەندکردن بۆ ماوەیەک لە (٦) مانگ زیاتر نەبێت، هەروەها پێبژاردن بە بڕی (٢٢٥) هەزار دینار، یاخود سزا دەدرێت بە یەکێک لەو سزایە، ئەگەر هاتوو کەسە هاندەر و کارپێکەرەکە باوکی منداڵەکە بوو، یاخود سەرپەرشتیاری بوو، یاخود چاودێری منداڵەکە بێت.(تەهماس و حسێن، ٢٠١٧: ٣٧٥-٣٧٦)

٢- یاسای چاودێری نەوجەوانانی عێراق ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو.

ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بەرکارە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە منداڵی سوابکەر (نەوجەوان) پێویستە بخرێتە ژێر چاودێری کۆمەڵایەتی و ڕەوانەی خانەکانی چاکسازی بکرێت، بەپێی ماددەی (٢٤/یەکەم/آ-ب و دووەم) لە یاسەکە منداڵ بە پەرتەوازەیی دادەنرێت ئەگەر آ-بینرا دەرۆزە دەکات لە شوێنە گشتیەکان یاخود شوێنێکی جەستەی وانیشان دەدات کە بریندار بووە یاخود فروفێڵ بەکاردێنێ وەک هۆیەک بۆ ڕاکێشانی سۆزی خەڵک بۆ مەبەستی دەرۆزەکردن. ب- کاری دەستگێڕیکردن و بۆیەکردنی پێڵاو یاخود فرۆشتنی جگەرە یاخود هەر پیشەیەکیتر تووشی کەتنکردنی بکات، ئەوکاتە تەمەنی لە پانزە ساڵی کەمتربێت. هەروەها بە پێی بڕگەی دووەم: منداڵ بە پەرتەوازە دادەنرێت ئەگەر هاتوو هەر کارێکیتری کرد لەگەڵ کەسانێک کە هیچ پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ نەبوون. بەپێی ماددەی (٢٦) لە یاسەکە هەوالەی دادوەری لێکۆڵینەوە دەکرێن و بە مەبەستی دانەوەی منداڵ بە کۆمەڵێک مەرج و ئامۆژگاری بە کەس وکارەکەی ئەگەر هاتوو کەس و کارەکەی پابەندنەبوون بەپێی ماددەکانی (٢٩ و ٣٠) یاسەکە سزا دەدرێن کە زیاتر نەبێت لە ساڵێک یان غرامەکردن.(مەسیفی، ٢٠١٢: ٢١-٢٦).

٣- یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە عێراق ژمارە (٢٨)ی (٢٠١٢):

ئەمە یەکێکە لە تونترین یاساکان؛ کە لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بەرکارە، لە ماددەی (١)ی یاسایەکەدا کە پێناسەی بازرگانی کردن بە مرۆڤی کردوە سوابکردنی بە تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ داناوە، لە ماددەی (٥/یەکەم) هەر کەسێک هەر یەکێک لەو کردەوانە ئەنجام بدات کە لە ماددەی (١) هاتووە، سزا دەدرێت بە زیندانیکردنی کاتی و غەرامەکردن کە لە پێنج ملیۆن دینار (٥,٠٠٠,٠٠٠) کەمتر نەبێت و لە دە ملیۆن دینار (١٠,٠٠٠,٠٠٠) زیاتر نەبێت، لە ،ماددەی (٦) یاساکە سزاکەی توندتر کردوە ئەگەر قوربانییەکە تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵەوە بوو یان ئیستغلالکردنی لاوازی بوو، سزا دەدرێت بە زیندانی هەتاهەتایی و غەرامەکردن کە لە ١٥,٠٠٠,٠٠٠ (پانزە ملیۆن) دینار کەمتر نەبێت و لە ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ (بیست و پێنج ملیۆن) دینار زیاتر نەبێت. (جریدة الوقائع العراقیة، ٢٠١٢: ٣)

٤-یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە تۆندوتیژی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١)

بەپێی ماددەی (٢/یەکەم/٩) یاساکە "هەر کەسێك کە پەیوەستی هەبێ بە پەیوەندییەکی خێزانی، ئەنجامدانی تۆندوتیژی لە چوارچێوەی خێزاندا لێ قەدەغە دەکرێ لەوانەش: تۆندوتیژی جەستەیی و جنسی و دەروونی و، ئەم کردەوانەش وەك نموونە بە تۆندوتیژی خێزانی دادەنرێت: ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و سوابکردن و بەجێهێشتنی خوێندن".(ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ٢٠١١: ١٣٢).

هەروەها بەپێی ماددەی (٧) یاساکە "هەر کەسێك تۆندوتیژییەکی خێزانی ئەنجام بدات بۆ ماوەیەك سزای بەندکردن دەیگرێتەوە کە لەشەش مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بەیەکێك لەو دوو سزایە". (ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ٢٠١١: ٩)

٥-یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی (ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١)ی عێراق و هەرێمی کوردستان

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی فەلسەفەی سزادان ئەوەیە کە هەندێک تاوان تەنها زیان بە تاک ناگەیەنن، بەڵکو مەترسین بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیستەمی گشتی. سوابکردن بە منداڵ لەو جۆرە تاوانانەیە کە ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی پێشێلکردنی مافی گشتی، سوابکردنی منداڵان تەنها پێشێلکارییەکی ساده نییە، بەڵکو هەرشەیە لەسەر بنەماکانی کۆمەڵگا. هەر بۆیە سیستەمی سزایی (لە ڕێگەی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی) دەرگایەکی یاسایی زۆر گرنگی کردووەتەوە کە تێیدا دادگاکان نابێت پاساوی "نەبوونی سکاڵاکار" بهێننەوە بۆ داخستنی دۆسیەکان، بەڵکو دەبێت داواکاری گشتی وەک پارێزەری مافی گشتی ڕاستەوخۆ بێتە سەر هێڵ و داواکە بجوڵێنێت تا تاوانباران بە سزای خۆیان دەگەن، لەبەر ئەوەی منداڵ تەمەنی ڕێگەپێدراوی یاسایی نی یە بۆ تاوانکردن ئەوا ڕێکارەکان دژی کەسی بەرپرسیاری منداڵەکە بگیرێتە بەر نەک خودی منداڵەکە.

جوڵاندنی داوای سزایی لە مافی گشتیدا لە تایبەتمەندیی داواکاری گشتییە پاڵپشت بە ماددەی (١) و لە (٢) یاسەکەدا ڕوونیدەکاتەوە کە جوڵاندنی سکاڵاکە دەکرێت بە پشتبەستن بە سکاڵایەکی زارەکی یان نووسراو بێت کاتێک تاوانێک دەرهەق بە کۆمەڵگە و مافی گشتی ئەنجام دەدرێت. دەوڵەت دەسەڵاتی ئەوەی هەیە سزای کەسێک بدات، کە پێچەوانەی یاسا سزاییەکان ڕەفتاردەکات. بەم شێوەیەش لە ناو داوای سزاییدا، هەمیشە دەسەڵاتی دەوڵەت دەبینرێت، لەلایەک وەک ئەوەی لایەنی دیاریکردنی تاوان و سزایە، لەلایەکی تر ،وەک ئەوەی لایەنی داوایە (وەک مافی گشتی) سەبارەت بەو تاوانانەی تاوانی مافی

گشتین. بیانووی بوونی یان لایەنداری دەوڵەت لە داوای سزاییدا، بۆ پاراستنی سیستم و باری ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگایە بەرامبەر ئەو تاوانانەی دژی کۆمەڵگاو سیستمی فەرمانڕەوایین(رەشید، ٢٠١٢: ٩).

٦- یاسای داواکاری گشتی (ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٧٩) و هەمواركانی

سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان کار بەم یاسایە دەکات، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە چەندین جار هەموار کراوەتەوە و پاشکۆی بۆ دەرچووە (بەتایبەت یاسای پاشکۆی ژمارە ١٨ی ساڵی ٢٠٠٧ داواکاری گشتی).

لە ماددەی (١/شەشەم) "بەشداری لە پارێزگاری کردن لە خێزان و منداڵ" (ممند، ٢٠٢١: ٩-١٠)لە ماددەی (١) و (٢)ی یاسەکەدا، کە لەم دوو ماددەیەدا ئامانج و ئەرکە سەرەکییەکانی داواکاری گشتی دیاریکراون، کە بریتین لە پاراستنی سیستەمی گشتی، سامانی گشتی، خێزان، و تۆمارکردن و جوڵاندنی سکاڵای گشتێک کاتێک مافێکی گشتی پێشێل دەکرێت. لە ماددەی (٥)ی یاسەکەدا دەسەڵات دەدات بە داواکاری گشتی کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگە بکات و داوای سزایی لەسەر ئەو تاوانانە بجوڵێنێت کە ڕەهەندی گشتییان هەیە. داواکاری گشتی نوێنەری یاسایی کۆمەڵگەیە. هەر کاتێک لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زانیاریی هاوواڵتیان، یان فەرمانگە فەرمییەکانەوە ئاگادار بێتەوە کەوا مافی گشتی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ڕەوشتی گشتی، یان سامانی وڵات پێشێل کراوە، ڕاستەوخۆ دەتوانێت بەپێی ماددەکانی سەرەوە پەڕاوی لێکۆڵینەوە بکاتەوە و سکاڵا لەسەر سەرپێچیکاران بجوڵێنێت بەو پێیەی سوالکردن بە منداڵ کاریگەری لەسەر خێزان و ئایندەی وڵات دروست دەکات، داواکاری گشتی دەتوانێت رۆڵی گرنگ بگێڕێت بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە.

ئەرکانی تاوانی قۆستنەوەی منداڵ لە سوالکردندا:

تاوانی قۆستنەوەی منداڵ بۆ سوالکردن، وەک هەر تاوانێکی تر، لەسەر چەند ڕووکنێک بنیات دەنرێت.

یەکەم، ڕووکنی یاسایی: بریتییە لە بوونی دەقێکی سزایی کە کرداری قۆستنەوەی منداڵ بۆ سوالکردن بە تاوان دابنێت، کە لە یاسای عێراقیدا ماددەی (٣٩٢)ی یاسای سزادانە، هەروەها دەقەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی خێزانی.

دووەم، ڕووکنی مادی: بریتییە لە کرداری هاندانی منداڵ بۆ سوالکردن یان بەکارهێنانی بۆ ئەو مەبەستە، چ بە ڕاستەوخۆ بێت یان لە ژێر پەردەی فرۆشتنی کاڵای سادە و وردەکاڵا؛ ئەم تاوانە بە گوێرەی دەقەکە بە تەواوبوونی کردارەکە تەواو دەبێت و پێویست ناکات داهاتێکی ڕاستەقینە بەدەست هاتبێت.

سێیەم، ڕووکنی مەعنەوی: بریتییە لە نیازی تاوانکاری (القصد الجنائي)، واتە ئەنجامدەر بە زانینی ئەوەی کەسەکە منداڵە و بە ویستی خۆی ئەو کردارە ئەنجام بدات. جگە لەمانە، تایبەتمەندیی قوربانی (منداڵ بوون) و تایبەتمەندیی ئەنجامدەر مەرجی گرنگن؛ چونکە ئەگەر ئەنجامدەر باوک یان سەرپەرشتیار یان چاودێری منداڵەکە بێت، سزاکە تووندتر دەبێت، وەک لە ماددەی (٣٩٢)دا هاتووە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کەسانە ئەرکی پاراستیان لەسەرە و پێشێلکردنی متمانەیە.

تەوەرەی دووەم: تەمەنی یاسایی لە نێوان یاساییەکاندا: ناکۆکییەکان و کاریگەرییان لەسەر دیاردەی سوالکردنی منداڵان

دیاریکردنی تەمەنی یاسایی لە سیستەمی یاسایی عێراق و هەرێمی کوردستاندا، لەبری ئەوەی چوارچێوەیەکی یەکگرتوو بێت بۆ پاراستنی تاک، بووەتە گۆڕەپانێکی پڕ لە ململانێ و یەکتربڕینی دەقە یاساییەکان. ئەم فرەییە لە پێناسەکردنی "منداڵ" و "تەمەنی پێگەیشتن"، نەک تەنها گرفتێکی گەورەی بۆ جێبەجێکردنی کارگێڕی و دادوەری دروست کردووە، بەڵکو ژینگەیەکی لەباری بۆ قۆستنەوەی منداڵان ڕەخساندووە، لە پرسەکانی وەک هاوسەرگیری پێشوەختە و بەکارهێنانیان بۆ سوالکردن. شیکردنەوەیەک بۆ ئەو ناکۆکییانە دەخەینە ڕوو، بە پشتبەستن بە دەقە یاساییەکان، و گرێدانی بە سوالکردنی منداڵانەوە.

لقی یەکەم: پەرشوبڵاوی پێناسەی "تەمەنی یاسایی" لە نێوان دەقەکاندا

کاتێک سەیری کۆی یاسا بەرکارەکان دەکرێت، هیچ پێوەرێکی جێگیر بۆ قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ بەدیناکرێت، ئەمەش وایکردووە هەر یاسایەک بەپێی مەبەستی خۆی تەمەنێک دیاری بکات:

- بنەمای گشتی: ماددەی (١٠٦) لە یاسای شارستانی عێراقی ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو، "تەمەنی پێگەیشتن بریتیە لە هەژدە ساڵی تەواو"(خەیلانی، ٢٠١٧: ٤٠). یاساکە بە ڕوونی تەمەنی پێگەیشتن و تەواوبوونی مامەڵەی یاسایی بە (١٨) ساڵی تەواو دیاری کردووە. ئەمە هاوتایە لەگەڵ ڕێککەوتنامەی جیهانی مافی منداڵ ساڵی (١٩٨٩) کە عێراق پەسەندی کردووە و تیایدا هاتووە کە هەر کەسێک تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵییەوە بێت، بە منداڵ هەژمار دەکرێت.
- لە ڕووی کارگێڕی و دامەزراندنەوە: بەپێی ماددەی (٢/٧) لە یاسای خزمەتی شارستانی عێراقی ژمارە (٢٤)ی (١٩٦٠)ی هەموارکراو، خوازیاری دامەزراندن لە کەرتی گشتی دەبێت "تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبێت بۆ خانمە پەرستاریش شانزە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12636]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

ساڵی تەواو کردبێت"(عەبدول،٢٠١٨: ٦). لە کاتێکدا یاسای کار ژمارە ٣٧ی ساڵی ٢٠١٥ی عێراق ڕێگە بە کارکردن دەدات کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ خوار ١٨ ساڵ. " ماددەی (٢٠) – کرێکاری کەم تەمەن: بۆ مەبەستی ئەم یاسایە هەر کەسێک، ڕەگەزی نێر یان مێ، تەمەنی گەیشتبێتە پانزە (١٥) ساڵ و هێشتا تەمەنی نەگەیشتبێتە هەژدە (١٨) ساڵ. (جريدة الوقائع العراقية، ٢٠١٥: ٤)

- لە ڕووی سزایی و چاودێرییەوە: یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ ی یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.، تەمەنی دابەشکردووە بۆ: منداڵ (خوار ١١ ساڵ)، مێرمنداڵ (١١-١٥ ساڵ)، و هەرزەکار (١٥-١٨ ساڵ). هەروەها دیاری کردووە کە خوار ١١ ساڵ داوای سزایی لەسەر ناکرێتەوە. (ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ٢٠٢٢: ٢٨٩)

- لە ڕووی ڕێکارەکانی دادگاییکردن و مافە مەدەنییەکان: بەپێی یاسای دادبینی سزایی (مادەی ٦٠/ب)، شایەتحاڵی خوار ١٥ ساڵ سوێند نادرێت."شایەتحاڵێک کە تەمەنی گەیشتبێتە پانزە ساڵ پێش ئەوەی شایەتحاڵی بدات، سوێند دەخوات بۆ ئەوەی بە ڕاستی شایەتحاڵی بدات. شایەتحاڵێک کە لە خوار ئەم تەمەنەوەیە، دەکرێت بەبێ سوێندخواردن وەک شایەتحاڵ گوێی لێ بگیرێت". بەپێی بەشی (٣/١/آ) لە یاسای (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ بۆ پێدانی مۆڵەتی گشتی دەبێت تەمەنی ٢٠ ساڵی تەواو کردبێت بۆ پێدانی مۆڵەتی تایبەت و جۆرەکانی دەبێت تەمەنی ١٨ ساڵی تەواوکردبێت بۆ پێدانی مۆڵەتی ماتۆرسکیل دەبێت تەمەنی ١٦ ساڵی تەواو کردبێت.(ملکان، ٢٠١٩: ٦).

- لە ڕووی هاوسەرگیری و مافەکانی منداڵ: سەرەڕای ئەوەی یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩، تەمەنی هاوسەرگیری بە ١٨ ساڵ دیاری کردووە (لەگەڵ هەندێک حاڵەتی ناچاری بۆ ١٥ و ١٦ ساڵ بە ڕەزامەندی دادگا)، بەڵام هەمواری یاسای باری کەسیی عێراقی "هەنگاوێکی مەترسیدارە و نسکۆیەکی یاسایی لێ دەبێتەوە کە، لە دەوڵەتێکی مەدەنیەوە بۆ دەوڵەتێکی ئاینیی مەزهەبی دەمانگەڕێنێتەوە"(ڕێکخراوی سیید، ٢٠٢٥)

ئەم یاسایە کە دەنگی لەسەر درا، بە ڕاشکاوی لەناویدا نەهاتووە کە لە نۆ ساڵییدا کچ بە شوو دەدرێت بەڵکو دەڵێت بالغبوون بەڵام کە دەگەڕێینەوە سەر مەوسوعەی فیقهی مەزهەبەکان دەبینین مەزهەب هەیە ڕێگا دەدات تەنانەت لە تەمەنی دوو ساڵییدا دەکرێت کچێک ماره بکرێت، بەڵام مافی ئیستیمتاع (چێژوەرگرتن) دوای خستووە بۆ ٩ ساڵی.(زەمەن: ٢٠٢٥)

لقی دووەم: سوالکردنی منداڵان لە نێوان ئەم درزە یاساییانەدا (وەک بەربەست)

ئەم پەرشوبڵاوییە کارگێڕی و یاساییە، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە قەیرانی قۆستنەوەی منداڵان بۆ سوالکردن. درزە یاساییەکان بەم شێوەیە دەبنە بەربەست لەبەردەم چارەسەرکردنی دیاردەکە:

١. خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی سزایی (بەکارهێنانی خوار ١١ ساڵ):

مافیاکانی سوالکردن و تەنانەت "خاوەنەکانیان" (وەک باوک و دایک کە لە یاسای نەوجەواناندا پێناسە کراون)، زۆرجار منداڵانی خوار (١١) ساڵ بەکاردەهێنن. چونکە دەزانن بەپێی یاسای چاودێری نەوجەوانان هیچ داوایەکی سزایی لەسەر منداڵی خوار ئەو تەمەنە ناکرێتەوە. ئەمەش وا دەکات منداڵەکە وەک قەڵغانێک بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی پارە بێ ئەوەی ترسی یاسایی هەبێت.

٢. شێوانی چەمکی کارکردن و سوالکردن:

لە کاتێکدا یاسای کار ڕێگە بە کارکردنی (١٥ بۆ ١٨ ساڵ) دەدات بە مەرجی تایبەت، خێزانەکان زۆرجار بە ناوی "کارکردن"ـەوە منداڵەکانیان (مێرمنداڵ و هەرزەکار) دەنێرنە سەر شەقامەکان بۆ دەستگێڕی، کە لە ڕاستیدا جۆرێکە لە سوالکردنی شاراوە (التسول المبطن). لێرەدا دەزگاکانی چاودێری کارگێڕی و پۆلیس دەکەونە ناو ناکۆکییەکەوە؛ ئایا ئەمە پێشێلکاری یاسای کارە؟ یان تاوانی سوالکردنە؟ یان دۆسیەی چاودێری نەوجەوانانە؟

٣. لێکەوتەی هەمواری یاسای باری کەسی لەسەر قۆستنەوەی ئابووری:

ئەگەر یاساکانی دەوڵەت ڕێگە بەوە بدەن کچێکی تەمەن ٩ ساڵان ماره بکرێت، ئەمە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە بەهای "منداڵبوون" لەناو دەبات. ئەو خێزانەی کە ئامادەیە منداڵەکەی لەو تەمەنەدا بە شوو بدات، زۆر بە ئاسانی ئامادەیە هەمان منداڵ بنێرێتە سەر شەقام بۆ سوالکردن بە پاساوی دابینکردنی بژێوی. واتە نزمکردنەوەی تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی لاوازکردنی سزاکانی پەیوەست بە پاراستنی منداڵ لە قۆستنەوەی ئابووری.

ئەو ناکۆکییە قووڵەی لە نێوان دەقە مەدەنی، سزایی، کارگێڕی و شەخسییەکاندا هەیە، بنەمایەکی لاوازی دروستکردووە کە تێیدا مافی منداڵ پێشێل دەکرێت. تا ئەو کاتەی تەمەنی (١٨ ساڵی تەواو) وەک تاکە پێوەری دانپێدانراو بۆ هەموو مامەڵە یاسایی و مەدەنییەکان جێگیر نەکرێت و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان نەکرێنە بنەما، دیاردەی سوالکردنی منداڵان نەک تەنها چارەسەر نابن، بەڵکو لە ڕێگای درزە یاساییەکانەوە پاساویان بۆ دەهێنرێتەوە.

لقی سێیەم: دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان

جەنگی جیهانی یەکەم چەندین وێرانکاری و ناخۆشی بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و منداڵ و ئافرتان هێنا، ئەمانە وایانکرد دەوڵەتان بە ئاگابێن بەرانبەر مەترسی ئەو دۆخە مەرگەساتەی لە ئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەم هاتە ئاراوە، لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە، دەوڵەتان هەوڵی چەند دەستپێشخەرییەکیاندا بۆ دانانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانی منداڵ، لە ئەنجامی ئەو هەوڵانە ڕاگەیاندنی جنێف بۆ مافەکانی منداڵ لە ساڵی (١٩٢٤) لەدایکبوو، ئەم ڕاگەیاندنە چەند هەنگاوێکی بەدواداهات، لە دوایدا ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی منداڵ لە ساڵی (١٩٨٩)ی لێکەوتەوە.

دەوڵەتان پێداگری بە تەواوی جەختیان لەسەر بەند و ماددەکانی ئەو ڕێکەوتنە دەکرد، لە ئەنجامدا مافی تایبەت بە منداڵ و دانانی ڕێوشوێن بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانی منداڵ هاتە ئاراوە. (هادی، ٢٠١٩: ١٨٤)

جارنامەی گەردوونیی مافەکانی منداڵان، کە لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩دا، لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوونیدرا، لەو ڕێککەوتنە جیهانییە مافەکانی منداڵ دیاری کراوە، لەوانە: دەستنیشانکردنی تەمەنی منداڵ، ئەمە بێجگە لەوەی کە سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە ئەم ڕێککەوتنەیان مۆرکرد، هاتنە نێو هاوکێشەی پاراستنی و بەرگریکردن لە مافە بنەڕەتییەکانی منداڵ. ، تا ئێستا ١٩٦ وڵات لە جیهاندا بە عێراقەوە، واژۆی ڕێککەوتننامەکەیان کردووە، هەموشیان بەڵێنیان دا، کە پابەندی جێبەجێکردنی هەموو ماددەکانی جارنامەی مافەکانی منداڵان دەبن، بەبێ جیاوازیش ڕێز لە منداڵانی گەلەکانیان دەگرن ومافەکانیان دابین دەکەن بەڵام بە پێێ تەمەنە یاسایانەی لە ناو یاساکانی عێراقدا هەن لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانە یەکناگرێتەوە کە عێراق واژووی لەسەر کردووە.

باسی چوارەم : کەمو کورتی و بۆشایی یاسای لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا

سەرەڕای ئەوەی کە یاسادانەری عێراقی و هەرێمی کوردستان هەوڵیان داوە لە ڕێگەی چەندین دەقی یاسایی جیاوازەوە ڕووبەڕووی دیاردەی چەوساندنەوەی منداڵان ببنەوە، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی خێرای کۆمەڵگە و دەرکەوتنی شێوازی نوێی تاوانکاری، چەندین کەلێن و بۆشایی یاسایی بەدی دەکرێن. ئەم بۆشاییانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە دەقە یاساییەکان نەتوانن وەک پێویست ئامانجەکانیان لە بنبڕکردنی دیاردەی سوالکردن بە منداڵان بپێکن. لەم باسەدا، بە شێوەیەکی شیکاری تیشک دەخەینە سەر گرنگترین ئەو کەموکوڕییانەی کە لە یاسا بەرکارەکاندا بوونیان هەیە، کە بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەش دەبن:

تەوەری یەکەم: کۆنبوونی دەقەکانی یاسای سزادان و نەگونجانی سزاکان

یەکێک لە گەورەترین بۆشاییە یاساییەکان پەیوەستە بە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو. ئەم یاسایە زیاتر لە نیو سەدەیە دەرچووە و قەبارەی سزاکانی بۆ سەردەمێکی جیاواز و باری ئابووریەکی کۆن دارێژراون. بۆ نموونە، لە ماددەی (٣٩٢)دا سزای ئەو کەسەی کە هانی منداڵ دەدات بۆ سوالکردن یان کاری دەرۆزەی پێ دەکات، بە بەندکردنێک کە لە (٣) مانگ زیاتر نەبێت یان بە پێبژاردنێک کە لە (٤٥,٠٠٠) چل و پێنج هەزار دینار زیاتر نەبێت دیاری کراوە. تەنانەت ئەگەر تاوانبارەکە باوک یان سەرپەرشتیاری منداڵەکەش بێت، سزاکە لە شەش مانگ بەندکردن یان (٢٢٥,٠٠٠) دوو سەد و بیست و پێنج هەزار دینار تێناپەڕێت .(تەهماس و حسێن، ٢٠١٧: ٣٧٥-٣٧٦) لە ڕوانگەی (زانستی سزادان - علم العقاب)ەوە، ئەم سزایانە بە تەواوی "سووک و بێکاریگەرن". بڕی پێبژاردنەکە زۆر کەمترە لەو داهاتە نایاساییەی کە تاوانبار لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا لە ڕێگەی سوالێێکردن بە منداڵێکەوە دەستی دەکەوێت. ئەم کەموکوڕییە وایکردووە سزاکە نەبێتە هۆی دروستکردنی "ڕێگریی گشتی و تایبەت" (الردع العام والخاص)، و سەرپێچیکاران بەبێ ترس بەردەوام بن لە تاوانەکانیان.

تەوەری دووەم: بۆشایی لە پێناسەی یاسایی و دیاردەی "سوالکردنی شاراوە"

یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان پێناسەیەکی ورد و مۆدێرنیان بۆ "سوالکردن" نەخستووەتەڕوو کە گشتگیر بێت. لە واقیعدا، زۆربەی باندەکان و خێزانەکان بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیاریەتیی یاسایی، پەنا دەبەنە بەر "سوالکردنی شاراوە" (التسول المقنع). ئەمەش لە ڕێگەی پێدانی چەند کلێنسێک یان بنێشتێک بە منداڵ، یان ناچارکردنیان بە سڕینی جامی ئۆتۆمبێل لە ترافیک لایتەکان ئەنجام دەدرێت. دەزگاکانی پۆلیس و دادوەری زۆرجار ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە لە سەلماندنی تاوانی سوالکردن لەسەر ئەم کەسانە، چونکە پارێزەران پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە منداڵەکە خەریکی "کڕین و فرۆشتنە" نەک سوالکردن. نەبوونی دەقێکی یاسایی ڕوون کە "کڕین و فرۆشتنی زۆرەملێی شتومەکی ساده لەلایەن منداڵانی خوار تەمەنی یاساییەوە لەسەر شەقامەکان" وەک جۆرێک لە سوالکردن بناسێنێت، بۆشاییەکی گەورەی دروستکردووە کە باندەکان لێیەوە دەرباز دەبن.

تەوەری سێیەم: لێلبوونی سنووری نێوان یاسای سزادان و بازرگانیکردن بە مرۆڤ

سەرەڕای بوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢ کە سزای تۆندی تێدایە، بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێکردنی لە دادگاکانی هەرێمی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12636]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

کوردستان ئاستەنگی زۆری هەیە. بۆشاییەکە لەوەدایە کە زۆرجار دادگاکان لە کاتی گونجاندنی یاساییدا دوودڵن لە جیاکردنەوەی "سەرپێچیی سوآڵکردنی ئاسایی" لە "تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ". کاتێک دایک و باوکێک یان خزمێک سوآڵ بە منداڵەکەیان دەکەن، زۆرجار دادگاکان بەپێی یاسای سزادان یان یاسای تۆندوتیژی خێزانی سزایان دەدەن لەبری یاسای بازرگانیکردن بە مرۆڤ، بەو بیانووەی کە سەلماندنی ڕەگەزەکانی "تاوانی ڕێکخراو" قورسە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چەوسێنەرە ڕاستەقینەکان بە سزایەکی سووک دەربازیان ببێت.

تەوەری چوارەم: مامەڵەکردنی یاسا لەگەڵ منداڵ وەک "لادەر" لەبری "قوربانی"

لە یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣، منداڵی سوآڵکەر زۆرجار لە چوارچێوەی ماددەکانی تایبەت بە "پەرتەوازە" (مشرد) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. هەرچەندە یاساکە ئامانجی چاکسازییە، بەڵام ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە و خستنە ناو خانەکانی چاکسازی، وا دەکات منداڵەکە زیاتر وەک "لادەرێک" سەیر بکرێت نەک "قوربانییەکی بێتاوان" کە لەلایەن گەورەکانەوە بەکارهێنراوە. هەروەها، یاساکە جێگرەوەی گونجاوی بۆ پاڵپشتی خێزانەکان نەخستووەتەڕوو؛ کاتێک منداڵەکە بەهۆی سەرپێچی خێزانەکەیەوە ڕەوانەی خانەی چاودێری دەکرێت، زۆرجار پاش ئازادکردنی بەهۆی مانەوەی هەمان ژینگەی هەژاری و هاندەرەوە، دووبارە دەگەڕێتەوە سەر شەقامەکان. دادگاکان کەمترین جار پەنا دەبەنە بەر لێسەندنەوەی مافی سەرپەرشتیاری (نزع الولایة) لە دایک و باوکە چەوسێنەرەکان، کە ئەمەش بۆشاییەکی تری پاراستنە.

تەوەری پێنجەم: بۆشاییەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١

سەرەڕای ئەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان لە ماددەی (٢/یەکەم/٩)دا ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و سوآڵکردنی وەک جۆرێک لە تۆندوتیژی خێزانی ناساندووە،(ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ٢٠١١: ٧).

بەڵام لە ڕووی جێبەجێکردنەوە بەدەست چەندین کەلێنی جەوهەرییەوە دەناڵێنێت. گەورەترین بۆشایی ئەم یاسایە لەوەدایە کە بازنەی سزادانەکەی تەنها لە چوارچێوەی "پەیوەندی خێزانی" و تا خزمایەتی پلە چوارە، ئەمەش وایکردووە ئەو منداڵانەی لەلایەن کەسانی بێگانە و باندی ڕێکخراوەوە بۆ سوآڵکردن بەکاردەهێنرێن، نەکەونە چوارچێوەی ئەم یاسایەوە و پرۆسەی سەلماندنی تاوانەکە ئاڵۆزتر ببێت. لە لایەکی ترەوە، فەلسەفەی یاساکە کە زیاتر جەخت لەسەر "پاراستنی یەکگرتوویی خێزان" دەکاتەوە لە ڕێگەی لێژنەکانی ئاشتەواییەوە، زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی کێشەکە بە ڕێککەوتن دابخرێت و منداڵەکە بگەڕێندرێتەوە ناو هەمان ژینگەی چەوسێنەر بەبێ بوونی چاودێرییەکی بەردەوام. سەرباری ئەوەش، دادگاکان زۆرجار بە پاساوی هەژاری خێزانەکان، سزاکان سووک دەکەن یان ڕایدەگرن، کە ئەم نەرمییە لە پاڵ نەبوونی ناوەند و شێلتەری داڵدەدانی تایبەت بە منداڵانی قوربانیی سوآڵکردن، وایکردووە یاساکە نەتوانێت هێزی ڕێگری و تۆقێنەری خۆی بسەلمێنێت و دیاردەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بنبڕ بکات. "هەروەها، یاساکە هیچ میکانیزمێکی ڕوونی بۆ گەڕاندنەوەی ماف و چارەسەری دەروونیی ئەو منداڵانە دیاری نەکردووە کە بەهۆی سوآڵپێکردنەوە تووشی تێکشکانی کەسایەتی بوون. دەقەکانی ئەم یاسایە زیاتر وەک ئامرازێکی کاتیی کۆمەڵایەتی دەردەکەون، نەک بنەمایەکی سزایی تۆکمە بۆ پاراستنی منداڵ."

تەوەری شەشەم: نەبوونی یاسایەکی سەربەخۆ بۆ مافەکانی منداڵ لە هەرێمی کوردستان

گەورەترین بۆشایی یاسایی لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە نەبوونی (یاسایەکی سەربەخۆ و تایبەت بە مافەکانی منداڵ). لە ئێستادا، مافەکانی منداڵ لە نێوان چەندین یاسای پەرتەوازەدا دابەش بوون (وەک یاسای باری کەسی، سزادان، نەوجەوانان، کار، و تۆندوتیژی خێزانی). نەبوونی یاسایەکی یەکگرتوو کە بە شێوەیەکی تایبەت مافەکانی منداڵ لە ڕوانگەی جارنامە نێودەوڵەتییەکانەوە ڕێکبخات، وایکردووە دامەزراوەکانی حکومەت نەتوانن ستراتیژییەکی نیشتمانیی یەکگرتوو بۆ پاراستنی منداڵانی سەر شەقام دابڕێژن. یاسایەکی تایبەتمەند دەتوانێت دەسەڵاتی فراوانتر بداتە دەزگاکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ دەستێوەردانی خێرا و سەپاندنی سزای قورس بەسەر هەر جۆرە بەکارهێنانێکی ئابووری منداڵاندا لە ساڵی ٢٠١٩ وەوەزارەتی کار و باری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ئاراستەی ئەنجومەنی شورا و ئەنجومەنی وەزیرانی کردوە، بەڵام تا ئێستا لە چوارچێوەی ڕەشنووسێکدایە نەبۆتە یاسایەکی بەرکار لەهەرێمی کوردستان. (ماڵپەری زەمەن: ٢٠٢١).

کۆتایی

یەکەم: دەرئەنجامەکان:

بە پشتبەستن بە شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان و دیراسەکردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی تاوانی سوآڵکردن بە منداڵان، تۆێژینەوەکە گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١-لایەنی یاسایی و تەشریعی:

نەبوونی پێناسەیەکی ورد: دەرکەوت کە یاسادانەری عێراقی و کوردستانی، پێناسەیەکی گشتگیر و سەردەمیانەیان بۆ تاوانی سوآڵکردن بە منداڵان نەکردووە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی لێڵییەک لە جیاکردنەوەی تاوانی ڕێکخراو لە حاڵەتە مرۆییەکان.

فەرامۆشکردنی سوآڵکردنی شاردراوە: یاساکان تا ئێستاش دەستەوەستانن لە مامەڵەکردن لەگەڵ "سوآڵکردنی شاردراوە" (وەک فرۆشتنی کەلوپەلی بێبایەخ یان پاککردنەوەی جامی

ئۆتۆمبێل)، کە لە بنەڕەتدا جۆرێکی تری چەوساندنەوەی منداڵە و وەک سوالکردنی ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.

بۆشایی یاسایی لە پاراستنی منداڵ: نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە (مافەکانی منداڵ) لە هەرێمی کوردستان، وایکردووە مامەڵە لەگەڵ منداڵ تەنها لە چوارچێوەی سزادان بێت نەک پاراستن و گەشەپێدان.

لاوازیی سزا بنبڕکەرەکان: ئەو سزایانەی لە ماددەی (٣٩٢)ی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتوون (گرتن یان غەرامە)، سزای سووکن و لەگەڵ مەترسی و قەبارەی تاوانەکەدا ناگونجێن، هەربۆیە نەیانتوانیوە وەک ڕێگرێکی گشتی و تایبەت کار بکەن.

٢- لایەنی کۆمەڵایەتی و مرۆیی:

تێکچوونی گەشەی منداڵ: دیاردەی سوالکردن بۆتە هۆی دابڕانی منداڵ لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن، ئەمەش "سوڕی هەژاری" بەردەوام دەکات و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی هەژاری لە نەوەی داهاتوودا.

چەوساندنەوە و تۆندوتیژی: منداڵانی سەر شەقام قوربانیی یەکەمی هەموو جۆرە تۆندوتیژییەکی جەستەیی، سۆزداری و سێکسین، و بەردەوام لەژێر هەڕەشەی باندەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و کاری زۆرەملێدان.

٣- لایەنی کارگێڕی و دامەزراوەیی:

نەبوونی ناوەندی داڵدەدان: نەبوونی شوێنی تایبەت بۆ حەواندنەوە و چاکسازیی ئەو منداڵانەی قوربانیی سوالکردنن، وایکردووە پرۆسەی چاکسازی و گەڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە شکست بهێنێت.

کەمیی داتا و ئامار: نەبوونی سیستمێکی زانیاریی ورد و نوێکراوە لەسەر ژمارەی منداڵانی سوالکەر و ناسنامەی ئەوانەی لە پشتیانەوەن، ڕێگرە لەبەردەم دارشتنی هەر پلانێکی ستراتیژی بۆ بنبڕکردنی دیاردەکە.

ڕێکارە کارگێڕییەکان: جێ بەجێکردنی ڕێکارە کارگێڕییەکان (وەک گرتن و بەڵێننامە وەرگرتن) نەبوونە کەم بونەوە و بنبڕکردنی دیاردەکە، چونکە ئەم ڕێکارانە تەنها مامەڵە لەگەڵ "نیشانەکانی" کێشەکە دەکەن نەک "ڕەگی" کێشەکە.

لایەنی نێودەوڵەتی و ناوبانگی هەرێم: بەردەوامیی ئەم دیاردەیە لە شوێنە گشتییەکان و ترافیک لایتەکاندا، سیمایەکی نەشیاو بە هەرێمی کوردستان دەبەخشێت و وەک وڵاتێک دەردەکەوێت کە پابەند نییە بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی مافی منداڵ.

لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی سوالکردن بە منداڵان تەنها ئەرکی دەزگا ئەمنییەکان نییە، بەڵکو پێویستی بە "ستراتیژییەکی نیشتمانیی فرەڕەهەند" هەیە. ئەم ستراتیژییە دەبێت هاوسەنگییەک لە نێوان (سزادانی توندی ئەنجامدەران) و (پاراستنی قوربانییان) دروست بکات. بێباکیی حکومەت یان کۆمەڵگە بەرامبەر ئەم دیاردەیە، نەک هەر پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە، بەڵکو هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و داهاتووی نەوەی نوێ لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: ڕاسپاردەکان:

لە ڕوانگەی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و بە مەبەستی بنبڕکردنی دیاردەی سوالکردن بە منداڵان، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین:

١- لە ڕووی یاسایی و تەشریعییەوە:

یەکخستنی یاساکان: داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکرێت کار بکات بۆ دەرچواندنی پرۆژەیاسای پاراستنی مافەکانی منداڵ کە لە (٨٢) ماددە پێکهاتووە، و بە ناونیشانی (یاسای پاراستنی مافەکانی منداڵ). پێویستە ئەم یاسایە هەموو ئەو دەقە یاساییە پەرتەوازانەی پەیوەست بە مافەکانی منداڵ کۆبکاتەوە کە لە یاسای سزادان و یاسا لاوەکییەکاندا هەن، و لەگەڵ ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ (١٩٨٩)، بیگونجێنێت. هەروەها پێشنیار دەکرێت ڕێکخستنی تاوانی قۆستنەوەی منداڵان بۆ سوالکردن لە بەش یان فەسڵێکی تایبەتدا لەناو هەمان یاسادا جێگیر بکرێت، بێ ئەوەی لە ناونیشانی سەرەکی یاساکەدا ئاماژەی پێ بدرێت.

پێناسەکردنی وردی تاوانەکە: پێویستە یاسادانەر پێناسەیەکی یاساییی گشتگیر بۆ "سوالکردن بە منداڵان" دابنێت، کە هەموو جۆرەکانی سوالکردنی ئاشکرا و (سوالکردنی شاردراوە) بگرێتەوە، تا ڕێگری لە هەر جۆرە دەربازبوونێک لە سزا بگیرێت.

تۆندکردنی سزاکان: پێویستە لە پرۆژەیاسای پاراستنی مافەکانی منداڵدا، تەمەنی خوار ١٨ ساڵ بە یەکجارەکی بێ جیاوازی وەک تەمەنی منداڵ پێناسە بکرێت. هەروەها ماددەی (٣٩٢)ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، هەموار بکرێتەوە بەجۆرێک کە تاوانی بێگاریکردن و دەستبەسەرداگرتنی داهاتی منداڵ لەڕێگەی سوالکردنەوە لە پلەی (سەرپێچی) یان (کەتن) ببرێتە ئاستی تاوان (الجنایة) و سزاکەی لە ٣ بۆ ٦ مانگ بەندکردنەوە بەرزبکرێتەوە بۆ زیندانیی قورس (لانی کەم ٥ ساڵ) بە تایبەت کاتێک لەلایەن دایک و باوک، کەسوکار یان باندە ڕێکخراوەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

ڕۆڵی داواکاری گشتی: کاراکردنی ڕۆڵی داواکاری گشتی وەک پارێزەری مافی گشتی، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ و بەبێ بوونی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12636]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

سکاڵای کەسی، ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەو دایک و باوک یان سەرپەرشتیارانە بگرێتە بەر کە منداڵەکانیان دەچەوسێننەوە.

٢- لە ڕووی کارگێڕی و ئەمنییەوە:

پۆلیسی پسپۆر: پێویستە وەزارەتی ناوخۆ بنکەیەکی پۆلیسی تایبەتمەند بە (نەهێشتنی سواڵکردن) دابمەزرێنێت، کە کارمەندەکانی مەشقی تایبەتیان پێ کرابێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵان و چاودێریکردنی وردی ئەو شوێنانەی دیاردەکەی تێدا بڵاوە.

سیستمی زانیاریی یەکگرتوو: دروستکردنی (داتابەیسێکی نیشتمانیی ئەلیکترۆنی) لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ تۆمارکردنی ناوی سەرپێچیکاران. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە جیاکردنەوەی خێزانە کەمدرامەتەکان لە باندە ڕێکخراوەکان و ناسینەوەی ئەو کەسانەی تاوانەکە دووبارە دەکەنەوە .

٣- لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مرۆییەوە:

پشتگیریی دارایی: پێویستە حکومەت لە ڕێگەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە، تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی فراوانتر بکات و هاوکاری دارایی گونجاو بۆ ئەو خێزانە هەژارانە دابین بکات کە بەهۆی نەبوونییەوە پەنا بۆ سەر شەقام دەبەن.

سەنتەری چاکسازی و تێکەڵکردنەوە: دامەزراندنی سەنتەری تایبەت بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری دەروونی، ڕاوێژکاری زەبر و ڕاهێنانی پیشەیی بۆ ئەو منداڵانەی لە سواڵکردن ڕزگار دەکرێن، بە مەبەستی تێکەڵکردنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە.

مافی پەروەردە: فەراهەمکردنی دەرفەتی خوێندنی بێبەرامبەر و ناچارکردنی خێزانەکان بۆ گەڕاندنەوەی منداڵەکانیان بۆ سەر کورسی خوێندن، وەک مەرجێک بۆ بەردەوامبوونی هاوکارییە حکومییەکان.

٤- لە ڕووی هۆشیاری و ڕاگەیاندنەوە:

هەڵمەتی نیشتمانی: پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکان هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە ئەنجام بدەن، بۆ گۆڕینی کلتووری (پارەدان بە منداڵی سەر شەقام)و تێگەیاندنی هاوڵاتیان کەئەم کارە هاندەرە بۆ بەردەوامبوونی چەوساندنەوەی منداڵان.

چالاکیی ئەکادیمی: هاندانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان بۆ ئەنجامدانی سیمینار و وەرک شۆپی بەردەوام بە مەبەستی دۆزینەوەی میکانیزمی نوێ بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە.

لیستی سەرچاوەکان:

سەرچاوە کوردییەکان

ئاڤا میدیا، ٢٠٢٥، کارکردن و سواڵکردنی منداڵان لەسەر شەقامەکان قەدەغە دەکرێت، بینراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٧/١، 28457/https://ava.news/news

ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ (OHCHR) بێ ساڵ، ڕێککەوتنامەی مافەکانی منداڵ، بینراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/١١/١

https://www.ohchr.org/en/instruments-mechanisms/instruments/convention-rights-child.

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بێ ساڵ، دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدراڵ ساڵی (٢٠٠٥)، بینراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٥/١

https://iq.parliament.iq/ku/%D8%AF%D9%87-%D8%B3%D8%AA%D9%88%D8%B1/

پیرچاوشی، ئازاد. ٢٠٢٤، **پارێزگای هەولێر: سواڵکەر و فاڵگرەوەکان و ئەو منداڵانەی لە ترافیکەکان کەلوپەل دەفرۆشن دەستگیر دەکرێن** بینراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٢/٢٠، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/170720241411.

تەهماس و حسێن، حسێن محێدین، یادگار عبدالکریم ٢٠١٧، یاسای سزاکانی ئێراق ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) لەگەڵ سەرجەم ئەو هەموارانەی کاری پێدەکرێ لە هەرێمی کوردستان - عێراق، چاپی دووەم، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی.

حسێن، سۆران. ٢٠٢٤، **منداڵپارێزی کوردستان بۆ ڕووداو: 1247 منداڵ لە شەقامەکاندا کار دەکەن،** بینراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٢/٢٥، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0106202413.

خەیلانی، عبدالصمد محمد ٢٠١٧، یاسای شارستانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ و هەموارکراوەکانی، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، سۆران.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٦، ڕاپۆرتی ساڵانە سەبارەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، هەولێر.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ٢٠٢٤، ڕاپۆرتی ساڵانە سەبارەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، هەولێر.

ڕەشید، **تەها عومەر**، ٢٠١٢، شرۆڤەی یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١ و هەمواری کراوەکانی، چاپی

یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، سلێمانی.

ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ٢٠١١، ژمارە (١٣٢)، ١١ی ئاب ٢٠١١، وەزارەتی داد.

ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ٢٠٢٢، ژمارە (٢٨٩)، ٨ی ٩ی ٢٠٢٢، وەزارەتی داد.

ڕێکخراوی سپید ٢٠٢٥، بەیاننامە سەبارەت بە پەسەندکردنی هەمواری یاسای باری کەسیی عێراق ژمارە (١٨٨) ساڵی ١٩٥٩، وێبسایتی ڕێکخراو، https://www.seedkurdistan.org/%D8%A8%DB%95%DB%8C%D8%A7%D9%86%D9%86%D8%A7%D9%85%DB%95%DB%8C-%DA%95%DB%8E%DA%A9%D8%AE%D8%B1%D8%A7%D9%88%DB%8C-%D8%B3%DB%8C%DB%8C%D8%AF-%D8%B3%DB%95%D8%A8%D8%A7%D8%B1%DB%95%D8%AA-%D8%A8%DB%95-%D9%BE/

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان ٢٠٢٣، ڕاپۆرتی ساڵانە، پاراستن و تەندروستی و پەروەردە بۆ هەموو منداڵێک، سلێمانی

سەمین، شۆخان عەبدوڵڵا ، ٢٠٢٣، تاوانی سوڵکردن لە ڕوانگەی یاساوە، بینراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٤/١، https://knwe.org/KU/ArticleDetails/3354.

شوان، ڕەزا. ٢٠١٧، قۆستنەوەی منداڵان بۆ سوڵکردن تاوانە، بینراوە لەڕێکەوتی٢٠٢٦/٣/٣٠، https://dengekan.info/archives/3069

عەبدول، عبدلقادر صاڵح، ٢٠١٨، یاسای گرنگەکانی وەزیفەی گشتی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی.

ماڵپەری زەمەن ٢٠٢١، کۆبستان محەمەد ڕەشنوسی یاسای منداڵمان ڕەوانەی ئەنجومەنی شورا کرد، بینراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٥/٢٠، https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=e50458.

ماڵپەری زەمەن ٢٠٢٥، هەمواکردنەوەی یاسای باری کەسێتی عێراق و لێکەوتەکانی، بینراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٥/١، https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=e77274.

ماڵپەری سپی میدیا ٢٠٢٤، لە سلێمانی دیاردەی سوڵکردن بە منداڵ قەدەغە دەکرێت، بینراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٦/١٥ https://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal=&jmare=133957&Jor=1.

ماڵپەری منداڵپارێزی کوردستان ٢٠٢٦، ئێمە کێین؟ بینراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٦/٢٠، https://www.ksc-kcf.org/ckb/who-we-are/.

محمود، شاکر سلێمان، ٢٠٢٣، ڕێکخستنی یاسایی تاوانی سوڵکردن لە یاسای سزای عێراقی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی، هەولێر.

ملکان، ئومێد ڕەسوڵ، ٢٠١٩، یاسای هاتوچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی هەموارکراو، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.

ممند، ئاسماعیل محمود، ٢٠٢١، یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩) ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو، وەرگێڕانی ئیسماعیل محمود ممند، چاپی یەکەم، کتێبخانەی هەولێری یاسایی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

مەسیفی، کاوانی ئەنوەر، ٢٠١٢، یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

هادی، ریاض عزیز، ٢٠١٩، مافەکانی مرۆڤ، چاپی سێیەم، چاپخانەی تاران، تاران.

یاسای باری کەسیەتی عێراق ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو.

یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە عێراق ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢.

یاسای چاودێری ناکامەکانی عێراق ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموارکراو.

یاسای چاودێری نەوجەوانان لە عێراق ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو.

یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ی یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٨ی یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان.

یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە تۆندوتیژی لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ی یاسای هەمواردکردنی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12636]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی یاسای پاشکۆی داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

یاسای سزادانی عێراق ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

یاسای کاری عێراق ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠١٥.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ٢٠٢٥، ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایان فەتوایەکی لەبارەی دیاردەی سواڵکردن لە کۆڵانەکان و شوێنی گشتیی و ترافیکی سەر شەقامەکاندا بڵاوکردەوە، بینراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٤/٢٠ ، 47524/2/https://news.kurdsat.tv/ckb/news

سەرچاوە عەرەبییەکان

حسين، نادية مصطفى، ٢٠٢٣، المسؤولية الجنائية للتسول، دار المسلة، بغداد.

عصمت، لانه، ٢٠٠٠، الحماية الدولية لحقوق الطفل، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة بغداد.

علام، ابتسام، ٢٠٠٢، الجماعات الهامشية: دراسة انثروبولوجية لجماعات المتسولين في مدينة القاهرة، [دار النشر]، [المدينة].

الفخري، رندة، ٢٠١٤، الطفل والجريمة في ظل قانون الأحداث والقواعد الدولية، منشورات زين الحقوقية، بيروت.

الوقائع العراقية ٢٠١٢، العدد (٤٢٣٦)، ٢٠١٢/٤/٢٣، وزارة العدل.

الوقائع العراقية ٢٠١٥، العدد (٤٣٨٦)، ٢٠١٥/١١/٩، وزارة العدل.

Abstract:

The phenomenon of utilizing children for begging constitutes one of the most critical violations of children's rights in the Kurdistan Region. This practice, regarded as inhumane and uncivilized, deprives children of their right to education and a dignified life, reducing them to mere instruments for income generation. In recent years, this phenomenon has shifted from occasional occurrences to a daily profession for some, where children fall victim to financial greed and exploitation.

Given that children form the fundamental pillar for building a society, the legislator has prioritized the protection of their rights. The Iraqi Constitution of 2005 explicitly outlines the state's obligation to protect motherhood and childhood. It emphasizes the rights to upbringing, care, and education, while strictly prohibiting all forms of violence and economic exploitation within the family, school, and society, aiming to guarantee a decent life for individuals and families.

The significance of this study lies in its analysis of the approach adopted by the legislator in the Kurdistan Region regarding this crime, particularly in light of the plurality of legal sources. The study employs the Analytical Method to interpret relevant legal texts directly and indirectly related to children's lives. These include the Iraqi Constitution, the Personal Status Law, the Juvenile Welfare Law, the Labour Law, the Nationality Law, the Penal Code, and the Law on Combating Domestic Violence in the Kurdistan Region.

Keywords: Begging, Child Rights, Crime, Laws, Kurdistan Region.

الملخص:

تُعد ظاهرة استغلال الأطفال في التسول من أخطر الانتهاكات التي تمس حقوق الطفل في إقليم كردستان العراق. هذه الظاهرة تحمل جذوراً تاريخية وتُصنف كسلوك منافٍ للقيم الإنسانية أدَّت إلى حرمان الطفل من حقوقه في التعليم والعيش الكريم، وتحويله إلى مجرد آلة لكسب الأموال.

وفي الآونة الأخيرة، تحوَّل التسول من مجرد حالات فردية إلى ظاهرة يومية يقع فيها الأطفال ضحية للجشع المادي. وانطلاقاً من كون الطفل الركيزة الأساسية لبناء المجتمع، فقد أولى المشرع العراقي والكوردستاني اهتماماً خاصاً بحماية حقوقه.

تكمن أهمية هذه الدراسة في سعيها لتحليل كيفية معالجة المشرع في إقليم كوردستان لجريمة استغلال الأطفال في التسول، لاسيما في ظل تعدد المصادر والنصوص القانونية. وتهدف الدراسة إلى بيان آليات مكافحة هذه الجريمة ضمن الإطار القانوني لإقليم كوردستان العراق. ولتحقيق هذا الهدف، اعتمدت الدراسة على المنهج التحليلي.

وقد خلصت الدراسة في نتائجها إلى وجود منظومة من النصوص القانونية المرتبطة بحياة الطفل وحقوقه، أبرزها: (الدستور العراقي الدائم لعام 2005، قانون الأحوال الشخصية، قانون رعاية الأحداث، قانون العمل، قانون العقوبات، قانون الجنسية، وقانون مناهضة العنف الأسري في إقليم كوردستان). وقد حددت هذه التشريعات بوضوح واجب الحكومة في حماية الأمومة والطفولة، وأكدت على الحق في التربية والتعليم، وحظرت كافة أشكال العنف والاستغلال الاقتصادي للطفل داخل الأسرة والمجتمع. فضلاً عن ذلك، تمنع القوانين النافذة الآباء من دفع أبنائهم نحو التسول، مما يضمن حماية حقوق الطفل، ويُحمّل الأسر المسؤولية القانونية ويضعهم تحت طائلة المساءلة الجزائية. وفي الختام، قدمت الدراسة جملة من التوصيات للجهات المعنية بغية الاستفادة منها للحد من هذه الظاهرة.

الكلمات المفتاحية: التسول، حقوق الطفل، الجريمة، التشريعات، إقليم كردستان.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [S], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12636]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]